Ez dixwazim berê ji aliyê pedagojîk ve, vê alfabeya kurdî ya ku em niha bi "i" û "î" bikartînin bigirim dest û di partîka 10 salan de çend mînakên berbiçav bidim. Ji 15 salî bêtir e, ku zarokên Kuran li Swêdê bi kurdî dixwînin. Lê her roj kurdî tune. Di heftê de, bi tenê saetek- du saet kurdî heye. Wekî din zarokên Kurd wek yên din her dem bi swêdê dixwînin. Wek li her derê cîhanê li Swêdê jî "i" i ye. Lê, dema dersa kurdî tê, vê carê "i" ya swêdî dibe tiştekî din. Dibe "i" ya kurdî. Ango fonetîka wê tê guhartin û dengekî din derdixe. Di mejîyê zarokan de "i" ya swêdî bi cih bûye. Evê şagirt çawan pê dikeve hema wek ya swêdî dixwîne. Çav wê "i" dinase. Ji ber ku ez wek mamosteyê kurdî di dibistanên swêdî de kar dikim, di vî warî de gelek bûyer hatine serê min û şagirtên min. Dema ku ez ji şagirtên (xwendekarên) xwe re dibêjim:

- Ka vê nivîsarê bixwîne!

Ew otomatîk "i" ya kurdî wek "i" ya swêdî dixwîne. Wê demê Kurdistan dibe Kurdîstan, mil dibe mîl, min dibe mîn, dil dibe dîl, şir dibe şîr, kirin dibe kîrîn, tirş dibe tîrş ûhd... Ev yek, ne bi tenê ji bo Swêdê derbas dibe, herweha ji bo hemû welatên ku alfabeya latînî bikartînin derbas dibe. Dixwazî bila li Elman ya, Kanada an jî li Tirkiyê be; ferq nîne. Ji ber ku li her derî "i" i' ye. Em zarokên dibistanê bidine aliyekî, yên mezin dema bi kurdî dixwînin "i" yê "î" dixwînin. Bi

kurdî dixwînin "i" yê "î" dixwînin. Bi çav şiklekî dîtin û di mejî de mayîn, bûyereke bîyolojîk û fîzyolojîk e. Di perwerde û hîndekirinê de, ji vê metodê re dibêjin metoda Pavlov. Ango fêrkirina metoda bi demînî (bi tirkî şertlanma metodu) ye. Çav jî wek organên din êdî otomatîk kar dike, an jî dixebite. Ji ber ku form di mejî de cihê xwe digire. Heta ku ew form di mejî de bê malaştin an jî paqijkirin wext divê. Ji ber vê bûyerê zarok di carekî de "i" kurdî nabînin. Ya ku di serê wî de çêbûye ya latînî ango ya swêdî ye.

## Fonetîkbûna "i" û "î"

Ew kes an derdorên ku nivîsandina "i" û "î" ya kurdî diparêzin du argument tînin. Hinek jê dibêjin; "di alfabeya Tirkan de "ı" û "i" hene û divê em alfabaya Tirkan bi kar neyînin." Yên duyemin jî dibêjin; "î" ya kurdî ne wekî "i" Tirkan e. Ya kurdî dirêj e. Celadet Bedir Xan jî, ji ber vê hindê "î" ya bikumik bi kar anîye..."

Herweha yên koma duduyan, di xwazin ji aliyê fonetîk ve formile û riyeke zanyarî ji xwe re bibînin. Lê heta îro jî tiştekî zanyarî nedîtine û pêşkêş jî nekirine. Ji ber ku metod ne metoda zanyariyê ye. Hîsî û teng fikrandin e. Carek alfabeya latînî ne ya Tirkan e. Navê wê li ser e, alfabeya latînî. Ji hezar salan ve heye. Her dewlet an netewe vê alfabeya latînî digire û li gor fonetîk, morfolojîk, santaksa zimanê xwe alfabeya xwe çêdike û li gor wê prensîbên rêzimana xwe pêk tîne. Dengên ku di gelek zimanan de hevpişk an hevdeng in, wek an jî nêzî yên zimanên din in, wan digirin û di alfabeya xwe de, bi kar tînin. Divê neyê ji bîrkirin ku alfabeya Tirkan ji aliyê komek zimanzanên Elman û Swêdî ve hatiye çêkirin û ji ber vê yekê jî, alfabeya Tirkan nêzî alfabeya swêdî û ya elmanî ye. Heger mirov li gor vê mantiqî bimeşe, divê em "ş", "ç" ên Tirkan jî bi kar neyînin. Ji derê Tirkan hîç kes van herdu tîpan weha bi kar nayîne. Bi şiklekî din dinivîsin û eynî dengan didin wan. Ma em xwe bi "i" û "î" yê ji alfabeya Tirkan dûr dixin? Heger weha be, ma çima em bi alfabeya Tirkan binivîsin? Em ji xwe re alfabeyek çêkin ku tû tîpeke wê bila wek ya Tirkan nebe.

Îddîayên koma duduyan ku dibêjin "î" ya kurdî dirêj e û dengekî din derdixe jî ne di cih de ye. Di bingeha xwe de, ew jî wek Koma yekem armanc û dîtinên wan jî fobiya Tirkan e. Lê, jê re li sedemên zanyarî digerin. Ji ber ku tîp şekil in û mirov deng dide wan, ne ku ew deng derdixin. Mirov dikare dirêj jî bixwîne û kin jî. Ma "a" ya me û Swêdiyan wek hevdu ye ku em herdu jî dibêjin "a." Çînî ne tîp, şekil diwxînin. Ji aliyê fonetîk û morfolojîk ve, ya herî girîng di zimanekî de îşaret û formilekirina hemû dengan e. Gelo dema ku em nivîsarên ku bi "ı" û "i" hatine nivîsin dixwînin dengên kurdî tam dernaxin? Gelo ew kesên ku niha weşanên Riya Azadî û KOMKAR dixwînin dengên wan kurt bûne û xizexiz ji wan tê? Ma heger mirov bixwaze nikare "i"'yê "a" jî bixwîne?

Celadet Bedir Xan bi xwe di alfabeya xwe de çend caran guhartin çêkiriye. Wî heta hejmara Hawarê ya 24- an di şûna "k" de "q" û di şûna "q" de jî "k" bi kar anîye. Lê, wî bi xwe wê demê vê guhartina ha çênekiribana û îro jî yek rabûya û bigota; "k" di her alfabeyî de "k" ye û divê em jî weha bi karbînin" ez bawer im ku dê gelek kes li dij rawestana. Jê re hezar sedeman bidîtan. Paşê birayê Celadet, Kamuran Bedir Xan bi xwe ne alfabeya wî, lê gelek prensibên gramera wî guhart. Ez li ser çewt û rastbûna wê gotûbêj nakim, bi tenê li ser guhartinê wê ez dixwazim balê bikşînim. Ji xwe zimanê ku di prosesa xebatê de neyê guhartin, wê çaxê ew ziman bi pêşnakeve. Û her virnî dimîne.

## Hêsankirina alfabeyê hîndekariyê zûtir û bi qelîtetir dike

Alfabe ji aliyê pedagojîk ve jî gelek girîng e. Hêsakirina alfabeyê hem li dibistanan û hem jî li der hîndekarî, perwerde û tengava kulturî bilind û qelîtetir dike. Wextê kin û mesrefê kêm dike. Armanc û mesafeya ku mirov dixwaze bigehê pê nêz dibe. Ez dixwazim di vî warî de ji alfabeya swêdî çend mînakên berbiçav bidim. Di alfabeya swêdî de çend deng, ne bi tîpek, wek zimanê Ewropî yên din bi çend tîpan tên nivîsandin. Wek; sch, tj, ch, sj û hd... Dîsan dema hinek dengdêr bêne pey hinek dengdaran, wê demê dengê wan dengdêran tê guhartin. Wek, kär, kyllt... Ji derê wan, tîpa "o" carnan "å" ya swêdî tê xwendin. Ev ji bo şagirtan problem in. Heta pola (sinifa) 9-an jî piraniya zarokan nikarin bêjeyên weha rast binivîsin. Tenê ji bo rastnivisîn û xwendina van dengan bi dehan pirtûk û metarîyal nivisê amade kirine û dikin. Ji bo van dengan mamosteyên taybetî hene ku ji wan re dibêjin "talpedagog" ango pedagogên axaftinê. Ji xwe ev yek, ji bo zarok û mezinên bîyanî problemeke bi serê xwe ye.

Ji ber vê yekê, ji bo alfabeyeke pratîk û durist semîner têne çêkirin û gotûbêj hîn jî berdewam in. Ku alfabeya swêdî, dîsan li Ewropayê alfabeya herî hêsa û sade ye.

## Armanc û encam

Divê em dev ji rikokiya xwe berdin. Bi çavekî realîst li alfabe û rewşa xwe ya civakî û kulturî binêrin. Alfabeyeke hêsa, yekgirtî, teknîkî û pratîk bi kar bînin. Hêdî hêdî li welêt jî mercên xwendin û nivisîna kurdî çêdibin. Di demekê gelek kin de, divê zimanê kurdiyê nivîskî bibe malê milyonan. Gelê Kurd ziman, edebiyat û kultura xwe fêr bibe û xwedî lê derbikeve. Berî her tiştî divê di warê alfabe û rêzimana kurdî de qet nebe serê xelkê tevlî hev nebe. Bila nîjadperestên Tirkan jî, ji xwe re vê yekê nekin destik û nebêjin " ma em çibikin hîn alfabeyek Kurdan tune..."

Bi ya min, divê ji bo vê armancê em bigihên encamek, ku berî her tiştî tîpên "i" û "î" bi kar neyînin. Di şûna wan de yên "ı" û "i" bi kar bînin û prosesa fêrbûn û belavbûna xwendin û nivisîna kurdî hem li der û hem jî li welêt bi lez û bez bikin. ■



www.arsivakurdi.org

Helbestek ji ŞAHÎNÊ B. SOREKLÎ

# HÊVÎ NAMIRE

Weqa drêj kiribû zivistanê
Reştarî bûn şevên vê
Ewran ji mêj ve roj veşartibûn
Roya Zerdeşt.
Di berbanga sibeyeke adarê de
Sal 1991 bû
Ji kaşan dengek hat:
Vekin deriyên xwe Kurdino
Binihêrin asîman çawa sor bûye
Mizgînê didim we
Bihar têye
Bihara dereng mayî.
Drêj nekir
Bi milyonan canên birçî
Birçiyên şewqa royê
Derketin der
û bi zilxit û alahêyan
Xêr li hatina royê kirin
Û li bihara dihatî.
Ji şax û newalan
Ji gund û bajaran
Dengê zaroyên Mîdiyan hat
Bextiyar û dilşa digotin:
Bijî, bijî Kurdistan.
Qerama bahozên dehsalan
Dest pêkribû bişikê
Û lêvên bişirî yên pênc milyonan
Dihatin ramûsandin bi bayekî honik
Bayê destpêka biharê.
Çaviya hêviyê der bû bû
Jê vedixwarin bîst û pênc milyonan
Endamên neteweyeke tî
Tiyên azadî û serxwebûnê
Û tîrêjên roya zer.
Lo kî bawer dike!
Weqa zû ewran bar dikirin
Royê şevreşî dikujt
Newroz li rê bû
Ê bihata bi xêr
Li dû salên girî û şînê.
Roya ji nişka ve hilatî.
Bihara li dû wê dihatî
Hilm û hilkana bayê azadiyê
Û meya çaviya hêviyê
Serxweş kiribûn şêniyê başûr
Lê berî bihar xwe bi cîh bike
Bombeyeke ne di hesêb de teqiya
Li asîmên belav bûn ewrên reş
Roya zer dîsa veşartin
Û bihar carek din bû xewn.
Ew milyonên bextiyar
Hên nuha di dîlanên serfiraziyê de
Ji nû ve dirijandin hêstirên xwînê
Ji dest hêzên li dij royê
Û hemî bi dengekî qîriyan
Bang kirin li cîhana merovan:
Vekin rûpelên dîrokê
Raber bikin neteweyekê
Ku sê milyon di rojekê de kiribin rê
Ji bo azadiyê weqa dabin giyan û mal
Em roya xwe dixwazin
Ne ji yên din ronahiyê
Bihar bo me jî divêt
Lê dewletan vekirin rûpelên qanûna "Koma Neteweyan"
Di wan de Kurdistan bê al bû
"Pirseke hundirîn"
Brîna bêyî çare.
Bêtara herî mezin ya sedsalan
Xeyidand xudayê Midiyan Ehreman
Ji jor ve seyr kir li ev xelkê perîşan
Rêzên bêyî jimar wek mûriyan
Seriyek ber bi rohilat
Yek ber bi bakur
Ji hev diçiriyan
Mirina di nav çiyayên yar de
Xweştir bû ji serdariya neyarên rûreş.
Yezdanê Gewre Hurmuz
Hat pêrgîna Ehreman
Û jê tika kir
Ku ne êşîne ev xelkê neçar
Lê sûd nekir
Ehreman têr bû bû ji neçartiya Kurdan
Ji hevnegirtin û nezantiyê
Ji bazirgan û diz û bêbextên wan.
Û herdu Xudayên kevnar
Bi hev re niherîn li beşekî ji Kurdekan
Çawa bû bûn parsekvan
Kal û pîr ketibûn binê lingan
Ji bîr rabû bûn erf û edetên êlan.
Kurd û Kurdistan
Ne tenê ji hêla neyêr de bû bû wêran.
Lê di nav kurdna bi xwe de çêbû bû efareyek
Kesine bêyî vac û bêyî wûjdan
Talan dikirin yar û neyar



www.arsivakurd.org

# NASIR REZAZÎ LI KURDISTANA BAŞÛR 4 KONSER LIDARXIST



Dengbêjê Kurd ê hêja Nasir Rezazî, meha 7'an çû Kurdistana Başûr û li bajarên Ranya, Riwandiz, Dîyana û li Şaqlawa, 4 konserên gewre li dar xist. Di van konserande gruba muzîkê ya bi navê Tîpî Paşaya Gewre ligel Nasir Rezazî di programê de cî girt. Her carê bi dehhezaran kurd bi kêmanî 3 saet, lê guhdarî kirin. Nasir Rezazî piştî vegera xwe, li Swêdê rewşê weha dianî zimên:

"Herçend xelk birçî û pêkar e, lê hestê xebata wan pir bilinde. Bi rastî ez nikarim bi çi awayekî behsa sefera bikim. Gava min didît xelk xebat li dijî dagirkerên me piştestur in, gava min dît peşmerge li her derekî Kurdistana azadkirî bi xelkê re xebat dikirin, hêvîya min bi rizgariya Kurdistan pirtir dibû".

Ji pêşmergeyan dizî dikirin
Pîs û pas bû bûn di nav gemara jiyanê de
Bindestiyê pelixandibû şexsiyeta wan.
Û Ehreman nifir kirin li xelkê xwe
Û beşekî neteweyeke rojekê serbilind bû
Bi çokan ket erdê
Li ber tirkleşger û pasdaran digeriya
Da vekirin sînorên welatekî brîn
Welatê wan
Û mirina reş vekir hembêza xwe
Pîr û kal ketin ji şermê
Zaro bi hezaran ji sermê
Jin di nav janê de bi qîr û qar
Zerî û esmerên me serî li xar
Rûyên xwe vedişartin ji cîhanê
Erê canekem em jî ketin kampan
Û di kampan de dijwar e parzaztina toreyan
Li hev xistin Kurdan ji bo pariyek nan
Birçîbûn ne hêsan e
Jiyîn şêrîn e.
Hertiştê me pergende:
Hebûn û jiyan
Nav û rûmeta me
Wek Kurdistan.
Di berbanga rojan de gor tijî
Bav giriyan
Day qîriyan
Ma çiyê penaberan heye xeyn ji hêsran!
Û sê hefteyan bi şev û roj cîhanê niherî li Kurdan
Û dilên hinan bi wan şewitîn
Nifir dikirin li Seddam
Lê dema hat dawiya wêneyan
Rewş dîsa bû ya berê
Kesek li Kurdan xwedî derneket.
Û ew "hevalên gelên bindest"
Ku partîne Kurdan wek dost dabûn nêşan:
Mosko û Havana û Bêjîng
Bûn parêzgêrên qertelê reş
Ew dijminên azadiyê
Bo gelê me xêrnexwaz.
Ey Kurdên Sibe!
Heger nezanan nûçe şaş diyar kirin
Yan gihîştin we rûpelên derewan
Bawer mekin ji wan
Bila hişên we ji we re bibin yar.
Rewşê wisa domand:
Yezdanê dilpolat Ehreman
Ku çav şil nebû bûn çi caran
Ew jî li dawiyê tev Hurmuz giriya
Û bi wan re hemî xudayên demên kevnar
Û hêstirên çavên wan gemarî bûn bi bayê cîhana me
Ku derdiket ji devên serekên welatan
Û barana reş bariya.
Ji mirina bi hezaran bêtir
Girî li ser gelekî bû
Duhu mêrxas û serbilind
Îroj fedîkar û stûxar.
Û Allahê bi tenê yê Musilmanan
Ji ber yên xwe ve şerm kir
Li wan kir nifirên bêhempa:
Her bimînin li paş
Ey kesên durû
Her bimînin rûreş û şaş.
Wisa bû rewşa me Kurdan
Neh salan berî dawiya sedsala bîstan
Sernizimtiyeke di nav mirinê de
Û hebûneke bêyî şan
Li cîhaneke derewî û gemarîn
Lê ev jî hebû:
Jinên Kurdan her jiyan dan dergûşan
Hindek ji wan mirin
Hindek ji man
Bi goraniyên azadiyê diketin xew
Di xewnan de dibûn êvîndarên roya zer.
XEWN NAYÊN KUŞTIN
BIHAR Ê WERE
HÊVÎ NAMIRE.

# له هه‌ڵبژاردنی گشتیی دا ده‌نگ بۆ سه‌نته‌ر بده له پێناو:

- باجێکی یه‌کسان
- ده‌وروبه‌رێکی له‌بار.
- سیاسه‌تێکی یه‌کساندا بۆ خێزان.

## پارتێکی سوسیالیستی نییه!

سه‌نته‌ر پارتێکی سوسیالیستی نییه. ده‌خوازێت دامه‌زراوه ده‌وڵه‌تییه‌کان بفرۆشێت و ده‌رامه‌ته‌که‌ی له بواری چاک کردنی رێگاوبان و فراوانکردن و رێکوپێک کردنی رێگاکانی ئاسنین‌دا به‌کار بهێنێت. سه‌نته‌ر ده‌خوازێت گرنگییه‌کی تایبه‌ت به دامه‌زراوه نوێیه‌کان بدات و دامه‌زراوه بچووکه‌کانیش به‌ره‌و پێش ببات. ئه‌مه‌ش به پیاده‌کردنی سیاسه‌تی که‌م کردنه‌وه‌ی باج له‌سه‌ر ئه‌و دامه‌زراوه بچووکانه.

## بـــاج

ئه‌و گۆڕانکاریانه‌ی له باجی ده‌وڵه‌ت‌دا تائێستا کراون که‌موکورتیان زۆره. به‌شێکی زۆر له خێزانه‌کان تووشی کێشه‌ی ئابووری هاتوون. بۆیه سه‌نته‌ر داوای که‌م کردنه‌وه‌ی باج ده‌کات له‌سه‌ر که‌لوپه‌له سه‌ره‌کی و پێویسته‌کانی ژیان، به تایبه‌ت له‌سه‌ر خوارده‌مه‌نی و خانووبه‌ره. سوێد زۆرترین باجی له‌سه‌ر خوارده‌مه‌نی هه‌یه. له زۆربه‌ی ولاّته ئه‌وروپییه‌کاني تردا، باج له‌سه‌ر خوارده‌مه‌نی به‌و شێوه زۆره نییه بگره ته‌نانه‌ت له‌سه‌ر زۆر که‌لوپه‌لی تری پێویستیش که‌متره.

سه‌نته‌ر ده‌خوازێت له ١ی یانیوه‌ری ١٩٩٢وه‌وه باج له‌سه‌ر خوارده‌مه‌نی که‌م کاته‌وه له ٢٥٪ه‌وه بۆ ١٣.٦٤٪دا به‌و خواسته‌ش نرخی که‌لوپه‌لی خوارده‌مه‌نی به میقداری ١٠٪دا بێنێته خواره‌وه.

## پشتگیری کردن له خێزان

سه‌نته‌ر ده‌خوازێت خێزانه‌کان له ڕووی ئاسانترکردنی ژیانی منداڵانه‌وه زیاتر پشتگیریان لیٚ بکرێت، بێگرنگی دان به‌وه‌ی که ئه‌و منداڵانه له ماڵه‌وه ئه‌مێننه‌وه یان ده‌رنێردرێنه دایه‌نگاکان. هه‌ر بۆیه پێویسته هه‌ر خێزانێک بۆ هه‌ر منداڵێک به مقداری ١٨/... هه‌زار کرۆن یارمه‌تی بدرێت.

## کارکردن:

بێکاری به گورجی له سوێددا له‌م دواییه‌دا په‌ره‌ی سه‌ندووه. ئه‌م بێکارییه به تایبه‌ت لاوان و ئافره‌تان و په‌نابه‌رانی گرتۆته‌وه. په‌نابه‌ران و ئه‌وانه‌ی ڕووی له‌م ولاّته کردووه، گرنگه هه‌مان هه‌وڵیان بۆ بدرێت بۆ کارکردن که بۆ هاوولاّتیانی تری سوێدی ده‌درێت.



## په‌نابه‌ران له سوێد:

ئامانجی سیاسه‌تی سه‌نته‌ر ده‌رهه‌ق به په‌نابه‌ران یه‌کسانی و پێکه‌وه کارکردن و سه‌ربه‌ستی‌یه له هه‌ڵبژاردن‌دا.

مه‌به‌ستی له یه‌کسانی ئه‌وه‌یه که په‌نابه‌ران و ئه‌وانه‌ی بۆ کارکردن ڕوویان کردۆته ئه‌و ولاّته، هه‌مان ماف و ئه‌رکی کۆمه‌لاّیه‌تی باقی هاوولاّتیانی تریان هه‌یه.

مه‌به‌ستی له‌سه‌ربه‌ستی له هه‌ڵبژاردندا ئه‌وه‌یه که کۆمه‌ڵ هه‌ر چه‌ند له بنه‌ره‌تدا پێویسته ڕێنمایی‌که‌ر بێت و ڕێوشوێن بۆ تاکه که‌س دیاری‌بکات به‌لاّم له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا تاکه که‌سیش بۆی هه‌یه ئه‌وه هه‌ڵبژێرێت که باشتر و له بارتر له‌گه‌ڵ جۆری ژیانیاندا ئه‌گونجێت.

مه‌به‌ستیش له پێکه‌وه کارکردن ئه‌وه‌یه که هه‌موو پێکه‌وه بۆ جیٚبه‌جیٚ گه‌یاندنی ئه‌رکه هاوبه‌شه‌کان کار بکه‌ین به مه‌به‌ستی گۆڕانکاری چاکتر و له بارتر بۆ هه‌موان له کۆمه‌ڵدا.

## چه‌ند داوایه‌کی به په‌له و گرنگ:-

- په‌نابه‌ران له کاتێکدا له ئۆردوگاکاندا ژیان به‌سه‌ر ده‌به‌ن، ده‌بێت مافی ئه‌وه‌یان هه‌بێت کار بکه‌ن یان به دوای کاردا بگه‌ڕێن.

- ده‌بێت گرنگی دان به خوێندنی زگماک له ئاستی ئه‌و گرنگی دانه دابێت که به بابه‌ته‌کانی تری خوێندن ده‌درێت و که‌متر نه‌بێت. سه‌نته‌ر بۆ ئه‌و مه‌به‌سته له په‌رله‌ماندا چالاکانه کاری کردووه و کار ده‌کات.

- ده‌بێت دامه‌زراوه‌یه‌کی تایبه‌ت به ده‌ست بهێندرێت تا بتوانرێت به‌ڵگه‌نامه‌ی خوێندنی په‌نابه‌ران که له ولاّتی خۆیاندا به ده‌ستیان هێناوه له بارتر و گونجاوتر بنرخێندرێت له‌گه‌ڵ ئه‌و به‌ڵگه‌نامانه‌ی خوێندن‌دا که له سوێددا ده‌درێنه به خوێندکاران.

CENTERN/
Centerpartiets Riksorganisation
Bergsgatan 7B Box 22107 104 22 Stockholm
Telefon 08-54 07 30

www.arsivakurd.org

بەرەو رووم دەهاتن، رووی تفەنگەکانیان لەمن کرد بوو. وەک ئەوەی بیانەوێ هاوار بکەن یان بیانەوێ تەقەم لێ بکەن. خۆیان لێم دانوساند بوو، لە دوورەوە، بە لوولەی تفەنگەکانیان گەمارۆیان دام.

من زارەترەک ببووم، لە شوێنی خۆم نەبزووتم، بە حەپەساوییەوە سەیرم دەکردن.

دوو پۆلیسەکەی پێشوو، لەگەڵ ئەفەندییەک کە قەرەوێتێکی شینی بەستبوو لە ناوەراستەوە روو بەرووم دەهاتن. یەکێک لە دوو پۆلیسەکان، بە چوار پۆلیسەکەی دیکەی گوت:

- بیگرن!

ئەفەندییە قەرەوێتە شینەکەش، بە مۆرەکردنێکی دوژمنانەوە، وردە وردە لێم دەهاتە پێشەوە، لە پۆلیسەکەی پرسی:

- خۆیەتی؟!

- بەڵێ، خۆیەتی.

لە و دەمەدا گوێم لێ بوو، دەنگی گڕەگڕی زیلێکی عەسکەری، هێور هێور، ئاواییەکەی بەجێ دەهێشت و دوورتر و دوورتر دەکەوتەوە.

پاریس
زستانی ١٩٨٩

تێبینی: ئەم چیرۆکە وشەو زاراوەی عەرەبی تێدا زۆر بەکار هاتووە کە بە ئەنقەست وام لێکردوون ـ نووسەر

## کتێبخانەی بەربانگ

### کتێب:

***ئەحمەد دڵزار، پەروەردەی پێزانی ژیانم:**
بەشی یەکەم و دووەم لەیەک بەرگدا؛ ١٨٦ ل. بنکەی سارا لە ستۆکهۆڵم بۆ چاپ ئامادە و بڵاوی کردۆتەوە.

***مەگەر لە وڵاتی ئێوەدا گەر نی یە؟:**
دوو کورتە چیرۆکە،نووسینی عەزیز نەسین، وەرگێرانی ح- گەرمەدری؛ ٣٧ ل. چاپی یەکەم. سوێد.

***Le vadici del problem Kurder**
لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە بە زمانی ئیتالی، دەربارەی رەگورێشەکانی مەسەلەی کورد. نووسین و ئامادەکردنی جاسم تەوفیق مستەفا؛ ٦٣ ل. ئیتالیا.

*** مێژووی سوێد:**
چەند وتارێکە لەسەر مێژووی دوور و نزیکی سوێد، حەمە سەعید حەسەن لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی؛ لە بەرگێکی رێکوپێکدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ٢٣ل.

### گۆڤار:

*** خەرمانە:**
ژمارە ٢ ساڵی ١٩٩١، گۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی رۆشنبیرییە لە سوێد بڵاو دەکرێتەوە. ١٢٣ ل.

*** یەکگرتن:**
ژمارە ١٣ ساڵی ١٩٩١، گۆڤارێکی رۆشنبیری تیۆرییە، بنکەی رۆشنبیریی یەکگرتن لە دانمارک بڵاوی دەکاتەوە؛ ١٥٢ ل.

### بڵاوکراوە:

*** نامەیەک بۆ سەرۆکی بەرەی کوردستانی:** حەمەسەعید حەسەن، ١٢ ل. بنکەی خەرمانە، ساڵی ١٩٩١ لە سوێد چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

***کۆمار:**
ژمارەی شەشەم خەرمانانی ١٩٩١، بڵاوکەرەوەی بیروڕای کۆمەڵێک لە کوردەکانی دەرەوەی وڵاتە، کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێدەکۆشن. لە سوێد چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

*** مەڵبەند:**
ژمارە ١٥، ١٦، ١٧ خوزەیرانی ساڵی ١٩٩١. بڵاوکراوەیەکی مانگانەی مەڵبەندی رۆشنبیریی کوردە لە لەندەن.

لە کۆتاییدا گوێچکەمی بەردا، شانی وەر سوڕاندەوەو بەرەو ژوورەوە پاڵێکی پێوە نام، وتی:
- بچۆ ژوورەوە دەی، تا «رەئیس» خەبەری دەبێتەوە!
منیش هەر دەلاڵامەوە، دەمگوت:
- ماڵەوەمان. دەڕۆن. بەجێم دێڵن.

لە ژوورەوە ،ناچار، بەدەم هەنسکەوە، چووم لەسەر تەنەکە ساردە قوپاوەکە دانیشتمەوە. چارەسەری دیکە نەبوو. دەبووایە چاوەڕێی ئەو پیاوە نووستووە بکەم، کە ئەوان ناویان لێ نابوو «رەئیس»، تا لەخەو هەڵدەستێ و ئەو خۆی تەحقیقم لە گەڵ بکات.

ئەم چاوەڕێ کردنە بێهودەیەم لەو ژوورە تاریک و زیندان ئاسایەدا ، بەراستی وای لێ دەکردم هەست بکەم، ئەم پیاوە نوستووە «رەئیس» تاقە ئومێدو تاقە هیوایەکە بۆ ئازاد بوونم.چونکە هەمیشە کە بیرم لە ئەو دەکردەوە، بە مەش دڵم خۆش دادەهات، دەمگوت: «رەئیس». لەوانەیە کابرایەکی دنیادیدە و چاوکراوەبێ، سەری لە فوتبۆڵ دەربچێت و بزانێ کە ئەم نەخشەیە، نەخشەی جاسووسی و تەخریبات نییە، بەڵکو پلانی فوتبۆڵێنە. ئەمە خوایە بەشکو بەرم بدەن و بگەمەوە ماڵەوە، لای دایک و باوکم!

لەژوورەکەدا سیچەنم نە دەگرت، هەر بیرم دەکردەوەو چاوم بەدەوری خۆمدا دەگێڕا. ژوورەکەش هێندە تاریک بوو، هیچ شتێکم بۆ نەدەبینرا. تەنیا سێ قەرەوێڵەی کۆن (کە یەکێکیان کابرای رەئیس لەسەری نوستبوو)، ئەوانی تریش کۆمەڵێک جلو بەرگ و قایش و پۆستاڵی عەسکەرییان لەسەر فڕێ درابوو، هەروەها دوو مێزی خوار کە یەکێکیان پانکەیەکی شکاوی لەسەر بوو، ئەوەی دیکەشیان زەمبیلێک ، وابزانم خورمای تێدا بوو، مشک و سیسرکە تەراتێنیان بە دەوریدا دەکرد. بە خۆمم دەگوت:

- سەیرە، لە کازیوەی ئەم بەیانییەوە منیان لێرە راگرتووە، ئەم هەموو دەنگە دەنگە، ئەو هەموو ناڵەو فیغان و گریانەی من، چۆن کابرای رەئیس گوێی لە هیچ نەبووە؟ چۆن بەو هەموو دەنگە دەنگە هەر خەبەری نابێتەوە.؟!

لەسەر تەنەکە ساردە ، قوپاوەکە دانیشتبووم و سەرنجی پیاوە نووستووەکەم دەدا. بەتانییەکی بە خۆدا دابوو، تەنیا سمێڵ و سەروسەکوتی بەدەرەوە بوو: بێ دەنگ، بێ ئەوەی هیچ مرخەیەک یا هیچ جووڵەیەک بکا، تەنانەت هیچ نیشانەیەکی نە ماندوویی، نە خەون بینین، هیچ شتێکی ژیانی بەسەر روخسارییەوە دیار نەبوو.

دڵم دەکەوتە ختوورە، بەخۆم دەگوت:

دەترسێم کە ئەم پیاوە لە هەردوو پۆلیسەکەی دیکەش مەندە بۆر تر و کەللە رەق تربێت، رەئیسیانە، خۆ لەوانەشە رەئیسی هەموو ئەم بیابانەش بێت، رەئیس هەموو شتێکی لە دەست دێ، هەرچی بیەوێ دەیکا.

زۆر لەوە دەترسام کە ئیتر ، ئەگەر وابێت، نەک تەنیا دایک و باوکم بەجێم دێڵن و تازە چیتر بیڕای بیر لە ژیانم دا نایانبینمەوە، بەڵکو تەنانەت لە کۆتاییدا سەبارەت بەم پارچە کاغەزە نەگبەتیە، گوللە بارانیشم بکەن!

چارەکە سەعاتێکی دیکەش هەر بەدەم ئەم دڵە راوکێ و نیگەرانییەوە کاتم بردە سەر. لەو ماوەیەدا، سێ جاران دەنگی گرەگری ئوتۆمبیلم لە دەرەوە کەوتە بەر گوێ، (کە زیاتریش لە دەنگی کامیۆن و زیلی عەسکەری دەچوو)، لە دوورەوە، لەسەرەخۆ، رەت دەبوون و تێکەڵ بە دەنگی سەگوەڕێک دەبوون. هەموو جارێک، لەگەڵ گرەگری هەر کامیۆنێک دا، دەمگوت:

«ئەوە ماڵی ئێمەیە»، دایک و باوک و خوشکە بچکۆلانەکەی منە، «رایاندەگوێزنەوە!» نەمدەزانی ئاخۆ بەرەو کوێ، بەرەو چ مەڵبەندێک، چ هەوارێک؟

تۆتکەم لێ بڕابوو، خۆم پێ را نەدەگیرا. لە ناکاو، دیسان رەپێ بوومەوە، دەرگاکەم کردەوەو چوومە دەرەوە.

لەپێش دەرگاکەدا، تەماشام کرد ، پێش دەرگاکە کەسی لێ نەبوو. چاوم بەملاو بەولای خۆمدا گێڕا، هیچ کەسێکی لێ نەمابوو. ئەو ناوە، هەر بەتەواوەتی چۆڵ و هۆڵ بوو. سیرەم گرتە دوور، دیتم، کۆمەڵێک حوشتر لەژێر بڕکە خورمایەک دا بەسترابوونەوە .

لەو دەمەدا لەناکاو، لەو چۆڵی و بێ دەنگییە سامناکەی ئەو بیابانە سڵەمامەوە، هەستم بە تەنیایی و نامۆییەکی کوشندە دەکرد. بێ ئەوەی خۆم بەوێ، بەنائاگاییەوە «وەک ئەوەی هۆگری و کۆنە پەیوەندییەکی زۆر بەتین بەرەو لای کابرای رەئیس کێشم بکات» . گەڕامەوە ژوورەوە. چوومە نزیک قەرەوێڵەکەی، راوەستام.

دەستم درێژ کرد، بێ دەنگ، قۆڵیم راوەشاند، هیچ جووڵەیەکی لێوە نەهات. جارێکی دیکەش قۆڵیم راوەشاند، بانگیم کرد، رەئیس، رەئیس! کەچی دیسانەوە هیچ جووڵە و وەڵامێکی نەبوو. ئەمجارەیان، بەتانییەکەم لەسەری لاداو دەستیم بەرز کردەوە. کە دەستیم بەردا بێ جووڵە، بێ گیان، بەسەر لەشی دا کەوتە خوارەوە.

زانیم کە ئیتر «رەئیس» مردووە!

بە دیار مەیتەکەوە، لەو ژوورە خامۆش و تاریکەدا، خەریک بوو زەندەقم دەچوو. ویستم لە زیرە بدەم، بەڵام نە،، یەکسەر رام کردە دەرەوە.

لە پێش دەرگاکەدا، دیتم لە ناکاو، دیتم چوار پۆلیس، لەملاو لەولا، خۆیان لێم گیڤ کردەوەو بە شڵەژاوییەوە

– درۆ ناکەم، بەخوا، رامانده‌گوێزنەوە. نازانم بەرەو کوێ!؟

بە بێباکیەوە وتی:

– بچۆرە ژوورەوە، چاوەڕێ کە!

دەمزانی کە دیسان مەبەستی ئەوەبوو چاوەڕێی «رەئیس» بکەم «کەلەژوورەوە خەوتبوو» تا لەخەو هەڵدەستێ و خۆی لێم بپرسێتەوە! هەر لەبەردەم دەرگای ژوورەکەدا، دیسان رووم کردەوە پۆلیسەکە، وەک ئەوەی داوای لێ بکەم بەزەیی پێمدا بێتەوە، یا خاترم بگرێ و ئیزنم بدا؛ دەستم بۆ ژوورەوە درێژ کرد، وتم:

– خەوتووە.

وتی:

– چاوەڕێ کە تا خەبەری دەبێتەوە!

وتم:

– هەڵی بستێنم؟

وتی:

– نەء. نەکەی خۆی خەبەری دەبێتەوە.

وتم:

خەبەری نابێتەوە.

تووڕە بوو هاواری کرد:

– دەڵێم «بچۆرە ژوورەوە!»

لەو دەمەدا ، پۆلیسێکی دیکە، کە من پێشتر نەمبینیبوو (دیار بوو تازە هاتبووە لای ئەو پۆلیسەی هاوڕێی). لەسەر چیچکان، تفەنگەکەی لە نێوان قاچەکانی دا راگرتبوو، پشت» بە دیوار دابوو؛ هەڵسایەوە و بەرەو لای دەرگاکە هات. رووی کردە من. وتی:

– باشە ئێوە نەفی نەکراونەتە ئێرە!؟

بە قسەی ئەو پۆلیسە دڵم خۆش داهات. وتم:

– با.

وتی:

– ئەی چۆن دەڵێی «رامانده‌گوێزنەوە»؟ راتانده‌گوێزنەوە بەرەو کوێ ؟

گریام، وتم:

– نازانم..!

لەناکاو ئەویش تووڕە بوو، وتی:

– ئەی بەم بەیانییە زووە لە کوێ بووی؟ خەڵک بەم سبەینەی ساڵحان لەو سەحرایە چی دەکا!؟

بواری وەڵامدانەوەی نەدامێ. دەم و دەست کاغەزێکی بۆری گرمۆڵەوە بووی لە باخەڵی خۆی دەرهێنا. «دیتم، کاغەزەکەی خۆم بوو «ئەو کاغەزەی نەخشەی یاری کردنی فۆتبۆڵێنم لەسەر دروست کردبوو پۆلیسەکەی پێشوو لێی سەندبووم و دابووی بە ئەو». کاغەزەکەی پیشان دام و بە دەنگێکی تووڕەی ناقۆڵاوە وتی:

– ئەم کاغەزە چیە پێت، ها؟!

پاشان تفەنگەکەی شانی هەڵخزاندە پشتیەوەو توند قۆڵی گرتم، رایکێشامە لای خۆی. دانووشتایەوە، کاغەزەکەی لە رووم نزیک کردەوە؛ پەنجە قەڵشاوییەکانی خستە سەر هەندێ شوێنی ناو «نەخشەکە»، بە پەشۆکانێکی لە رادەبەدەرەوە وتی:

– هجوم، دیفاع، هەدەف... ئەم شتانە چین لێرە نووسیوتن، ها!؟

من بیرم دەکردەوە، بەلامەوە زۆر سەیر بوو، دەمگوت:

– ئەم دوو پۆلیسە خۆ عارەبیشن، بەڵام بۆچی لەوە تێ ناگەن کە ئەم وشانە زاراوەی یاری کردنی فوتبۆڵن!

توند گوێچکەی گرتم و سەرمی لەگەڵ با دا، سمێڵی گیڤ، چاویشی لێم زەق کردەوە، وتی:

– ئەم نەخشەیە چیە پێت، قسە بکە! هی تەخریباتە؟

منیش لەتاوی ئازاری گوێچکەم وتم:

– نەخشەی یاری کردنی فوتبۆڵێنە.

گوێچکەی توندتر بادام و دوو جاران سەرمی لەگەڵ راوەشاند، وتی:

– هەمیشە ئەم قسە نەعلەتییە دووبارە دەکەیتەوە! هجوم، هدف ، دیفاع.. ئەم هەموو ناوە، ئەم هەموو ئیشارەتە سەیرانە! قسە بکە تۆ چیت؟!

منیش نەمدەزانی بڵێم چی، چاش مابووم، لەتاو سوگواریی و ئازاری خۆم، هەر هەنسکم دەدا و دەناورامەوە.



www.arsivakurd.org

جوارو جۆرەوە لەسەر نەخشەکە دیاری کردبوو.

گەلێک ئێواران، کاتێ لە یاری کردنی فوتبۆڵێن شەکەت دەبووین و شەو باڵی تاریکی خۆی بەسەر بیابانەکەدا رادەکێشا، ئیتر لە گەڵ حاشووش بەیەکەوە دەچوینەوە ماڵی خۆیان؛ گەلێک شەوانیش هەر لە ماڵی ئەوان دەمامەوە و دەخەوتم.

دایکم پێی خۆش بوو کەمن لەگەڵ منداڵە عەرەبەکانی ناو لادێ یاریی فوتبۆڵێن دەکەم. دەیگوت:

– بەڵکولەگەڵ منداڵە عارەبەکان فێری زمانی عارەبی دەبێ.

بەڵام باوکم، جارێکیان ـبەم دواییەـ خۆی لێ توورە کردم، وتی:

– بەناخێریی گیانت کەلە فوتبۆڵێن تەواو دەبی، شەوان بۆ خەوتن وەرەوە کاولبووەکەی خۆت؛ مەچۆرە ماڵە عارەبان!

منیش گوتم:

– بابە، ئاخر، کە تاریک دادێ، دەترسێم بەو بیابانەدا بگەڕێمەوە ماڵەوە.

توورە بوو، وتی:

– چاوت دەردەهات. دەکەواتە واز لە فوتبۆڵێن بێنە!

باوکم راستی دەکرد! ئەگەر ئەو ئێوارەیە. لە دوای فوتبۆڵێن گەرابامایەوە ماڵی خۆمان و شەو لە ماڵی حاشووش نەبامایەوە، ئیتر لە دایک و باوکم دانەدەبڕام؛ تووشی ئەم چورتمە و ئەم بەدبەختییەی ئێستاش نەدەهاتم! خەتای خۆم بوو. ئا. خەتای خۆم بوو.

لە ژووری شێدارو تاریکەکەدا، وام بە خۆم دەگوت. دڵم خەریک بوو شەقی دەبرد. لە درزێکی دەرگاکەوە تەماشای دەرەوەم دەکرد: بیرم لە باوکم دەکردەوە، بیرم لە دایکم دەکردەوە، لە خوشکە بچکۆلە خنجیلانەکەم. دەترسام لەم ماوەیەی ئێستا، کەمن لەم ژوورە زندان ئاسایەدا راگیراوم، ماڵەومان سواری زیلی عەسکەری بکەن و رایانپێچن؛ ئیدی جارێکی دیکە، هەرگیزاو هەرگیز نایانبینمەوە!

ئەو ژوورە زندان ئاسایەی کە منیان تێدا راگرتبوو؛ سەیتەرەیەکی پۆلیس بوو، پارێزگاری ئەو ناوچەیەی بیابانەکەی دەکرد... تەنیا نیو سەعاتێک لە ماڵی خۆمانەوە دوور بوو. ژوورێکی فراوانی شەش پاڵوویی بوو، تاریک ، شێدار؛ دیوارەکانی بە بلۆک و بەرد «هەندێ شوێنیشی بە تەنەکەو بەرمیل» دروست کرابوون.

ئەو بەیانییە، خۆر تازە خەریک بوو گزنگی دەدا؛ من زوو ماڵی حاشووشم بەجێ هێشت؛ بەناخێری گیانم، وتم «با رێگاکە قەد بڕ بیبڕم و بەلای سەیتەرەکەدا بگەڕێمەوە» کە چی کە گەیشتمە لای سەیتەرەکە، پۆلیسە عارەبەکە لەو بەرەوە، لە دوور، هەر کە چاوی بە من کەوت « وەکو ئەوەی بەیانیان بە درێژایی هەموو ژیانی هەرگیز لەو بیابانەدا چاوی بە بەشەر نەکەوتبێ» تفەنگەکەی سوار کردو لە دوورەوە لوولەی تفەنگەکەی ئاراستە کردم؛ هاواری کرد وتی «ئۆگەف!».

«ئاخر چیم کردووە!؟»، «سەیرە!»، «وا دوو سەعات زیاترە»؛ «بۆچی منیان لەم ژوورەدا راگرتووە!؟، تاوانم چییە؟»

لەوە زیاتر خۆم پێ رانەگیرا، دەرگاکەم کردەوەو چوومە دەرەوە. کە گەیشتمە بەر دەرگاکە، پۆلیسەکە یەکسەر تفەنگەکەی لەشان کردەوە و روو بەڕووم هات. خۆی لێم گڤ کردەوە، بە عارەبیەکی جلفیی وشک شیراندی بە سەرما:

– هەتیو، پێت دەڵێم «بچۆ ژوورەوە»!

لە شیراندنەکەی نەترسام، بەڵام لە حەژمەتی غەمی ماڵەوەمان، ئازارێکی سەخت بە رۆحم دا دەگەڕا. لاڵامەوە و وتم:

– ماڵەوەمان. دایک و باوکم!

– ماڵەوەتان چی؟

– دەڕۆن بە جێم دێڵن

وەکو ئەوەی گاڵتەم پێ بکا، یا بیەوێ لاسایییم بکاتەوە، بە تووڕەییەوە وتی:

– «بۆ کوێ دەڕۆن؟»

– رامانده‌گوێزنەوە.

– کێ راتاندەگوێزێتەوە؟.

– حوکمەت. حوکمەت رامانده‌گوێزێتەوە.

– بەرەو کوێ؟

– بۆ ئێران.

– درۆ دەکەی پێشتریش ئەمەت گوت.



www.arsivakurd.org

چیرۆک

# بیابـــان

فەرهاد پیربال

خوشکە چکۆلانەکەی «حاشوش» لەناکاو خۆی کوتایە ژوورەوەو بە پەلە پرووزێ و هەناسە بڕکێوە وتی:

-دایە، دایە.. سبەینێ دیسان ماڵە کوردەکان را دەگوێزنەوە.

من کە ئەو وەختە منداڵ بووم و زمانی عەرەبیم باش نەدەزانی، لە سەرەتادا لەو عەرەبیە جلفی‌یەی خوشکەکەی «حاشوش» حاڵی نەبووم، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە زۆر بەهەشتاوی هەواڵەکەی پێمان راگەیاند.

لەو دەمەدا من و حاشووش بەرامبەر یەکتر دانیشتبووین، دامەمان دەکرد. حاشووش کە گوێی لە هەواڵەکە بوو، یەکسەر دەستی لەسەر بەردی دامەکە سارد بۆوە، تەمی خەفەتێکی لەناکاو کەوتە سەر رووی. دایکیشی، بەدیار سەماوەرەکەوە مات ما؛ بە غەمگینی و بە چاوێکی پڕ بەزەییەوە نیگایەکی کردم.

باوکی حاشووش، کە دیاربوو ئەویش ئەم هەواڵەی زۆر لەسەر دڵ گران دەهات، رووی کردە کچەکەی، وتی:

- کێ وای پێ وتی!؟

کچۆڵەکە بە شڵەژاوییەوە سەیرێکی منی کرد و ئینجا رووی کردەوە باوکی، وتی:

- ماڵی سەعدیەی دراوسێمان.

- وتیان چی؟

- «ئەبو سەعدیە» وتی.

- وتی چی؟

- وتی «سبەینێ ماڵە کوردەکان رادەگوێزنەوە».

دایکی حاشووش، بە خەفەتبارییەکی پڕ لە گازاندەوە، وەک ئەوەی بە نهێنی قسە بکا، رووی کردە باوکی حاشووش وتی:

- راست دەکا. «ئەبو سەعدیە» پۆلیسە، دەزانێ.

من ئیتر یەکسەر تێ گەیشتم، زانیم کە ئیدی ئەمجارەیان بەیەکجارەکی راماندەگوێزنەوە بەرەو ئێران، یانیش بەرەو بیابانەکانی سەر سنووری «ئوردون». زۆر لە مێژ بوو باوکم لە ماڵەوە باسی ئەوەی بۆ دەکردین. من ئیدی چیتر خۆم پێ رانەگیرا؛ بەسەر فایەری دامەکەوە، سەرم نوشتاندەوە سەر سنگم، وەک منداڵێکی لە تەمەنی ئەوسام زۆر بچووکتر، لە حەژمەت دەردە سەری و سوگواریی خۆمدا دەستم کردە گریان.

بۆ بەیانیەکەی، کاتێ لە ژوورە زندان ئاسا تاریکەکەدا، دیمەنی شەوی دوێنێ و چۆنیەتی راگەیاندنی ئەم هەواڵەو پەشۆکانی ماڵی حاشووشم بیر دەهاتەوە، دڵم زیاتر تەنگ دەبوو. لەسەر تەنەکەیەکی ساردی قوپاو دانیشتبووم؛ بێ دەنگ، هەنسکم دەداو لە بەر خۆمەوە هۆن هۆن دەگریام. لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

- خەتای خۆم بوو»، «بۆچی شەو لە ماڵی حاشووش مامەوە!؟».

یازدە مانگی رەبەق بوو، لەوبیابانەی باشووری عێراقدا دەژیاین کە هەموو خێزانەکەمان ( دایکم و باوکم و خوشکێکی بچکۆلانەم) ،من نەمدەزانی بۆچی، نەفی کرابووینە ئەو بیابانە وشک و گەرمەسێرەی باشووری عێراق. بیابانێکی هەتا چاو بڕ دەکا هەر چۆڵەوانی و وشکایی بوو. من بە درێژایی هەموو ئەو حەوت ساڵەی رابردووی منداڵیم کە هەمیشە لە کوێستان و لە ناو شاخ و داخی رەنگیندا دەژیام، ژیان و گوزەرانی ئەو بیابانەم زۆر لەسەر دڵ گران دەهات. تەنانەت وا بزانم بۆ دایک و باوکیشم هەمان شت بوو. بەدرێژایی هەموو ئەو یازدە مانگەی لەو بیابانەدا بووین، تەنیا ماڵی حاشووش و ماڵە عەرەبێکی دیکە هامۆشۆیان دەکردین.

باوکم بۆ ئەوەی بتوانێ بەخێومان بکات،هەر سێ چوار رۆژ جارێک، بەگەڵ باوکی حاشووش دەکەوت، دەچوون، نازانم لەکام گوندی نزیک ئاواییەکە، تووریان دەکڕی و دەهاتنەوە لە ئاواییەکەدا دەیانفرۆشتەوە.

منیش هەموو بەیانییەک، لە گەڵ حاشووش دەچووین لە زەلکاوێکی پیسی دوور دەستی ئاواییەکەدا، کە هەمیشە پڕ بوو لە مێش و مەگەز، ماسی‌ی جۆرپەمان دەگرت دەهاتینەوەو لە ئاواییەکەدا دەمانفرۆشتنەوە. ئێوارانیش، لە گەڵ حاشووش و منداڵە عەرەبەکانی دیکەی ئاوایی، دەچووین لە نزیک ماڵی حاشووش، لە چۆڵەوانییەکی وشک و برینگ دا، کە تەنیا چەند بڕکە خورمایەکی لێ بوو و شەوان حوشترەکانیان لە ژێر دەبەستەوە؛ یاریی فوتبۆلێنمان دەکرد.

من زۆر حەزم لە فوتبۆلێن دەکرد. هەمیشە نەخشەیەکی یاری کردنی فوتبۆلێنم پێ بوو. ناوی هەموو منداڵە یاریکەرەکانم لەسەر نووسیبوو؛ شوێن و رۆڵی هەر یەکێکیانم «هجوم»، «دیفاع»، «هەدەف» بە هێما و هێڵی

منالّ بووم پشیلەم زۆر خۆش دەویست، بە دایم سێ چوار پشیلەم هەبوو، بە دزی دایکم بەشە شۆرباوی خۆم دەرخوارد دەدان. شەوانە یەک لەسەر سینگ و ئەوی دیکە لەسەر باسکم بە مرخە مرخ خەویان لێ دەکەوت. دایکم زۆری قین لە پشیلان بوو، هەمیشە بەدەم هەرەشەوە پێی دەگوتم:

– تاعوون لێ دراو بۆ دەست لە پشیلان هەڵناگری! پشیلە لە توخمی شەیتانە و نەت دیوە چاوەکانیان وەک جندوکان دەچن. پشیلە دۆستی کەس نییە و سەد ساڵی خزمەتی بکەی وەک بێگانە وایە، ئەگەر نەتدایە جنجرۆکت لێ قایم دەکا. بەلاّم کێیە لەدایکی خۆی بترسێ. قسەکانی دایکم وەک بای بەبن گوێمدا رادەبردن و تا ماوەیەک پێش، بەراستی پشیلەم خۆش دەویست، بەلاّم ئەم رۆژانە بە تەواوی رام گۆراوە و ئەو بوونەوەرەم نە بەرچاوی کەوتوە!

– لەبەرچی؟

– ئێستا هۆیەکەت پێ دەڵێم. چەند رۆژ پێش ئێستا چوومە ماڵی هاونیشتمانێکم، کە خانەکەی خەڵکی ئەو ولاّتەیە. پیاو حەق بڵێ، چونکە لەگەڵیان لەیەک خەتدا بووم و بە کورتی لە کۆنە مریدانی ستالین و دژی گلاسنۆرست و پێرێسترۆیکا بووین. گەلێک رێزیان بۆ دانام. کەیبانوو بنابەرێ و رەسمی ولاّتی خۆیان پێشەکی نێو ماکەکەیانی پی نشان دەدام، تاکوو گەیشتنە چێشتخانەی، دەرگای یەخچاڵێکیان کردەوە، کە پڕ بوو لە قوتوولەی رەنگا و رەنگی خواردەمەنی و ژن ومێرد وێکرا گوتیان:

– ئەوەش یەخچاڵی تایبەتی «کێتی‌یە»!

ئەوەلی وام زانی منالێکیان هەیە بە ناوی «کیتابوونە» و لەبەر نازداریان پێی دەڵێن کێتی، لە لایەکی دیکەوە، ئەوەندەی من ئاگادار بووم، ئەو بنەماڵەیە منالیان نەبوو. جابۆیە تارادەیەک ناوی کێتیم لەلا سەیرهات، لە دڵی خۆمدا هەروا دەمگوت:

– دەبێ ئەو کێتی‌یە، کێ بێ؟ بەلاّم زۆریش خۆم شلوێ نەکرد و گوتم با نەڵێن ئەو کابرایە گوندییە و چ نازانێ. بە لەسەرەخۆیی لەکەیبانووم پرسی:

– ئەدی کێتی خانم لە کوێیە؟

کەیبانوو بەدەست و پێ تێک هالاّوی ولاّمی دایەوە:

– کێتی گیان، خانم نییە! بوورە ئاغایە و وەی بە قوربانی سمێلە قنجەکانی بم!

– ئەی ماڵ وێران خۆم! لە ولاّتی خۆمان کێتی ناوی کێژۆلاّن بوو، ئەوە بۆچی لە ماوەی ئەو چەند ساڵانەدا گشت شتێکم لێ گۆراوە؟

ئەوە چ بەزمێکە......؟! بەلاّم دیسانیش خۆم سڵ نەکرد و ئەم پرسی منالّتان هەیە یانا؟ یان بۆچی کێتی بۆتە ناوی کوران و ئەو سمێلە بۆچی وا زوو بوو بە گوریس. گوتم بە هەرحاڵ منالّی خۆیانە و لە خۆشەویستیان پێی هەڵدەڵێن.

بە هێوری رووم هەڵبرییە لای خاتوون و بە لەفزێکی شیرن و منالّ لاوێن پرسیم:

– ئەدی دیوی کێتی بچکۆلانەی لەکام لایە؟

خانم لە خۆشیان چاوەکانی وەک هەستێرەی شەو زەنگ و گرشە گرش کەوت و بە لەزەوە گوتی:

– ئێرەیە!، بچینە ژوور، تازە، کێتی من!

کە چووینە ژوور هەرچی روانیمە قەراخ و بیجاران و بەڵکو کێتی ئاغای ببینم، نەبوو! بێجگە لە تەختە خەوێکی رازاوە و رێکوپێک نەبێ! لە قولینچکی دیوەکەی داندرابوو. وەرسووڕامەوە و چاوێکم لە خانم کرد و سەرێکم بەو مانایە ئەدی کوا کێتی؟ راوەشاند.

ئەویش بە پەلە قامکی بۆ بن تەختەکەوە راداشت. کە سەرنجم دایە و دیتم: پشیلەیەکی رەش و خرپن و رەش، بەرسینگی وەک بەفری کوێستانان سپی، چاوەکانی وەک دەنکی مرواری، سمێل قنج، قاچ و قول سپی. هەر ئەوەندە جوان بوو، دەتگوت خوای گەورە بە شێنەیی دانیشتووە و دیمەنی ئەو بوونەوەرەی دارشتووە.

کەرەتی ئەوەڵی کە دیتم کێتی ئەو پشیلەیە، برێک تێک رابووم، بەلاّم زوو فکری خۆم گۆری و خۆشەویستی لە مێژینەم سەبارەت بە پشیلە لە ناخ بەرز بووە و ئاگام لە خۆ برا و داهاتمە کێتی ئاغای بگرم و لە باخەڵمدا تێر بە خۆیەوە بگوشم، بەلاّم هەر داهاتنەوە و پەلاماری کێتی وێکرا دەست پێ کرا. ئەگەر بە هەموو توانایەوە جینجرۆکی لە پشتە دەستی قایم کردم. باوەرکە جینجرۆک نەبوو، بەڵکو لە نووکی نەشتەری سەقەتتر بوو! واقم ورمابوو، بە حەپەسانەوە قیت بوومەوە و چاوێکم لە کێتی کرد، دیتم: ناباب! وەک بە بر گورج حاڵەتی ناسایی بە خۆوە گرتووە و بە مرە ئامادەی پەلاماری درندانەیە... کە وام دیت ئیدی لە ترسان خۆم بۆ رانەگیرا و هەر پێیەکم کرد بە دووان و جاوەرەدەرپەرە.

بەڵێ، ئەوەبوو هۆی داروشانی پشتە دەستی من و لەوێ رۆژێ را لێبراوانە خەریکی دەرهێنانی خەرجی مانگانەی کێتم و لەگەڵ خەرجی خۆم هەڵی دەسەنگێنم و بریارم داوە لەمەو دوا سەبارەت بە هەرچی بوونەوەراتی پشیلەیە هەڵوێستی توند و تیژ بگرمە بەر! بە بڕوای ئێوە کارێکی دروست نییە؟

۱۸-۱-۱۹۸۸

www.arsivakurdi.org

رۆژێک، لەگەڵ برادەرێکی وەک تۆ خەریکی پیاسە بووین. کاتێک ویستمان لەسەری پێچی شەقامێک بادەینەوە لە نەکاو سەگێکی گورگانی، کە بەقەت هێسترێک دەبوو، لە پشیم قووت بۆوە. ئیدی رووح لە جێگایەکی سەخت دایە و نایەتەدەر، دەنا هەردەبوایە لەوێ سەکتەم کردبایە.

برادەرەکەم، کە چاوی بەرەنگ و رووی زەردهەڵگەڕاوی من کەوت، بە شڵەژاوی پرسی:

– کورە، ئەوە بۆچی وا رەنگت بە روانەوە نەما؟!

نوتقم بەسترابوو، بە سەری قامکم، دەستم بۆلای سەگەکە راداشت بەو واتایە کە لەو سەگە ترساوم. هاورێ بە پێکەونینەوە گوتی:

– حەک خوا ماڵت چۆن ئاوەدان دەکا! جاچۆن کورد ئاوا لەسەگ دەترسی؟

ویستم هۆیەکەی بۆ باس بکەم، بەڵام هاورێ دەرفەتی نەدام و گوتی:

– کاکە گیان بە خۆرایی ترساوی. ئەو سەگانە گشتیان دەست پەروەردەن و تاکو ئێستا بە دەگمەن دیتراوە، لە خۆرا لاقی کەس بگرن. ئەگەرچی هێندێک کردەوەی نۆکر سفەتیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش قسەزانن و قسەیان لەگەڵ دێ. ئیدی وەک سەگە رەش و سپییەکانی پەلامارەدەی سەرولاتی ئێمە هار نین، هەر چەپ چاویان لێ بکەی، هەڵ کەنە سەرپیاوی و دڕ بە دڕی کەن. تازە! سەگی ئەو ئەوروپایە ئەگەر هاتوو کەسێکیان لە خۆرایی گرت، دەزانی، دەبێ خاوەنیان چەندە پوولی تاوان بۆمێرن؟

– ئاوەڵلا......؟ چەند؟!

– زیاتر لە سی هەزار شیلنگ و شێست هەزار مارک. تازە کویت دیوە لە هەندێک وڵات جەریمە تاکوو چل هەزار دۆلاریش دەروا.

– چل هەزار دۆلار؟!

– ئەدی چی؟ پێت وایە فشەیە!

کە ئەو هەواڵەم لە زمانی هاورێم بیست، ئیدی خۆم پێ رانەگیرا و بەپەلە من پیلم گرت و گوتم:

– کاکە پێ هەڵێنە و بازوو بچین بۆ قاوەخانەیەک! چونکە ئەوێ رۆژی زۆر دڵپربووم، بێجگە لەوەی وەعزی گیرفانم کەساد بوو، لە نەیاریان پوولێکی زۆریش قەرزداربووم، کە دەبوایە زوو دابامەوە.

لە قاوەخانەی ماشین حیسابم لە گیرفان دەرهێناو دەستم کرد بە لێکدانەوەی مارک و دۆلار لەگەڵ پوولی وڵاتی خۆمان، سەرتان نەئێشێنم خۆی لە میلیونها پوولی وڵاتی ئێمە دەدا. بیرم کردەوە بە سێ چوار پوولی وا ساڵەها دەتوانم لەگەڵ بنەماڵەکەم بە خۆشی و کامەرانی لاق راکێشین و تەواوی قەرز و قۆڵەکانیش بدەمەوە. دەی چۆن ئەو پوولەی وەدەست بێنم؟ رێگای ئەوەبوو ماڵی کابرایە زەنگین بدۆزمەوە و بە هەر جۆرێک بێ خۆم بدەمە دەمی سەگەکەیان.

ئیدی لەوێ رۆژێ را ڕام گۆرا و کون بە کون بە شوێن ماڵی کابرایەکیدارا دادەگەرام و زۆری نەخایەند ئەم هەڵەشم دەست کەوت و لە ماڵی کابرایەکی زەنگین بانگێشتن کرام. کە لە باتی سەگێک حەوت هەشت سەگی ورچانی، فەندیانی، بەرخانی، گورگانی و...... وەی هەبوو.

لە خاوەن ماڵم داوا کرد، پێشەکی نەختێک لە بارەی سەگەکانیدا بۆم بدوێ و ئەوی دڕشیم پێ بناسێنێ. کابراکە دیتی سەر رەشێک وا بەئیشتیا سەبارەت بە سەگ پرسیار دەکا. هەر وەخت بوو، لە خۆشیان شاگەشکە بێ و هەژدەر هەژدە تاریفی بۆ کردم و لە کۆتایی دا سەگە گورگانییەکەی لە گشتیان دڕ و بێ رەزاتر ناساند.

ئەمنیش لە وردی گوێم دابوویە و جار ناجارێک سەرێکم بۆ دەلەقاند، و لەفکری دارشتنی نەخشەیەک دابووم و لەدڵی خۆمدا دەمگوت:

– لێی گەرێ دەرگای خەزینەم بۆ کرایەوە، بە خودای سەگێک کەمە دەبێ خۆ بدەمە زاری پازدان. بەڵام بەبێ خشپە و لەسەرەخۆ... نابێ بێڵی سەرمایەداری سەگ باب هەروا بە تەنێ بیخوا! تازە ئەو هەڵوێستە شێرانەیەی من بۆخۆی چەشنە بەربەرەکانیکە بە دژی سەرمایەداری... بە، بە! شۆڕشگێری راستەقینە ئەوەیە... بەبێ چەک بە شێوەی پەنامەکی دژی سەرمایەداری راپەرین!

کاکە، هەر کابرای خاوەن ماڵ چاوی لێم دووربوو، گورج راست بوومەوە و چاوم نوقاند و لە سەگە گورگانییەکە بە قینەوە چوومەپێش و نووکە شەپێکی توندم لە لمبۆزی کوتا. کاتێک چاوم کردەوە، بەسەرسوورمانەوە دیتم: سەگە لەسەر گازەی پشتێ کەوتووە و هەرچوار پەلی نووشتانۆتەوە و بە نووزە نووز و پارانەوە چاوی تێوەبڕیوم، کە کایەیی لەگەڵ بکەم!

ئەو جار توورەتر لە پێشوو چاوم تێوەبری و ددانم لێ دەچیرەوە برد و بە زۆر لاقم وەبەرکەلپی دا. نەخێر! کوا ئێمە و شانس! ئەو جارەیان سەگە مرەیەکی لێهات و کەوتە لستنەوە و کلکەسووتە. دیتم ئەمەیان چی لەگەڵ نایە، ناچار کەوتمە تاقی کردنەوەی ئەوانی دیکە. حەی حەی ئەوانی ترسەد بەرامبەر بە رووحمتر بوون، ئیدی لارەمل و ناچار پاشە و پاش گەرامەوە لەسەر جێگایەکەم دانیشتمەوە و بیرم لێ کردەوە: پیاو ئەگەر ئیقباڵی هەستا سەگی بەردەکێشی باش دەبێ.

بەڵێ، ئەوەبوو، هۆی ترس شکانم لەسەگی ئەو وڵاتانە و جائێستا گوێت لە نەقڵی پشیلان بێ.

چیرۆکی
تەنز

# بـوونـەووەراتـــی سـپڵـە

## سیامەند

سەعاتێک زیاتربوو، لەسەرکوتە قاقەزێک خەریکی حیسابات بوو، لەگەڵ هەر لێکدانەوەیەک نووچە نووچێکی دەکرد. لەپڕ سەری هەڵێنا و وەک ئەوەی شتێکی داهێنانی، بە دەنگی بەرز هەڵیدایە:

– جاوەرە قورێ وەسەرە خۆت مەکە! قەت بووە بە پێنج مانگان نەتوانی بارتقای خەرجی مانگێکی پشیلەیەک داهاتت بێ! کوتە قاقەزەکەی راگرتەپێش من و نووسرابوو: خەرجی پشیلەیەک لە مانگدا بێنسەد (٥٠٠) مارک. ئینجا سەری بۆلای دەرێوە سووراند و هێندێک دەنگی کز کرد و گوتی:

ئەگەر ئەو مارکەی بە نرخی بازاری رەش، لەگەڵ پارەی وڵاتی خۆمان لێک بدەیەوە، دەکاتە کۆڵێک. ئەی بابە رۆ! بەو هەڵسەنگاندنە دەبێ خەرجی سەگێک لە مانگێکدا چەند بێ؟ بەسەرسوورمانەوە لێی وردبوومەوە و پرسیم:

– دەکرێ بۆم روون کەیەوە، بۆچی زیادە لە گشت زیندەوەری سەر رووی ئەم هەردە، هاتووی لە گژ سەگ و پشیلان راچووی؟

قاقایەکی کێشاو پاشان دەستێکی بەدەم و سمێڵی داهێنا و رووبەمن گوتی:

– مرۆڤ ئەگەر گیرفانی بەتاڵ بوو، دێ حیسابی خەڵکی دیکەدەکا. هەروا ئەگەر بێکاریش بوو، دەست بە غەیبەتی ئەم و ئەو دەکا. هەرچەند من لە مێژە بریارم داوە پاش ملەی هیچ ئادەمیزادێک ورتەم لەبەر نەیە. بەڵام بۆخۆت باش دەزانی، پیاو ئەگەر خۆی بەشتێک گرت چەتوونە وەلای بنێ. جابۆیە ماوەیەکە دەستم لە پاشملە گوتن هەڵگرتووە. ئێستا زیاتر باسی بوونەوە مەرات دەکەم. ئاخر هەرچی بێ ئەوان دەسبەجێ قسەیان بە گوێ ناگاتەوە و لەوەش دڵنیام هەڕەشەی دو رۆژیشیان لێ نابیسمەوە.

– لەوەی گەرێ! بێم بڵێ بزانم ئەو پشتە دەستەت بۆچی واداروشاوە؟

پێکەنی و گوتی:

– هەهەم، تەواوی ئەو حیساباتەی من لە دەوران پشتی برینداربوونی ئەو پشتە دەستەی من دا خول دەخوا.

– چۆن!؟

– بێتوو هێندێک پشووت لەسەرەخۆ بێ، نەقلێکی سەردەمی منالی خۆمت بۆ دەگێرمەوە. هەڵبەت لەمەبەست دوور ناکەومەوە و ئەویش هەر لەو پەیوندییە دایە.

– دەی فەرموو! چ لە ئێستا باشتر.

– بە برای خۆم بڵێم پێنج ساڵانە دەبووم و نەدەبووم، بەبێ پرسی دایک و باوکم سەری خۆم هەڵگرت و چوومە مەزرایە. لەکاتی گەرانەوەمدا سەگەلی شوانان دەوریان دام و لارانێکیان بریندار کردم. پاش ئەوەی بە گۆپاڵان لەدەم سەگانیان ئەستاندمەوە، بە برینداری بردیانمەوە ماڵ. کاتێک باوکم بەو چەشنەی دیتم، چونکە بەبێ ئاگاداری ئەو لەماڵە وەدەر کەوتبووم، سەرباقی سێ چوار زللەشی لێدام. ئەوەی راستی بێ لەوکاتەوە تاکوو ماوەیەک لەمەوبەر بە روح لەسەگان تۆقیبووم. بەڵام سەیر ئەوەیە، ماوەیەکە بە هیچ جۆرێک لە سەگان ناترسێم و بەلکوو کون بە کونیش بە دوایان دادەگەرێم!

لیی دەولای کەوتم و پرسیم:

– یەک دا بە دوو چ قەوما، کە ترست لە سەگان شکا؟

– هێندێک حەوسەلەت بێ هۆیەکەت پێ دەڵێم... بۆخۆت دەزانی لەو ئۆروپایە لەهەمە چەشنە سەگێکی لە ڕووی ئەو دنیایەیی تێدایە و هەرکەسێکی دەبینی، ئەوە پەتێکی لەملی سەگ کردووە و دەگێڕێ. جا سەگی وایە جگە لە تۆرمەی خۆی، وەک چەقەڵ، ورچ، شێر دەچێ. بەر لە ئێستا کاتێک چاوم بەو چەشنە سەگانە دەکەوت، ئیدی هەر من بووم خۆم رادەگرت، نازانم چۆن بوو لە ترسان دڵم نەدە تۆقی! تاکوو



www.arsivakurdi.org

نوشوستیماندا شکاینەوە- یانزە جارانیش پەڕوباڵی کۆتری سپیمان لە کەش و ئاو و هەوای سازگاری دیموکراتیەتدا درێژتر بوونەوە!
لە ئاسمانی ئەرخەوانی ئازادیدا، هەڵۆکانی ئێمە هەرگیز لە هەڵۆی میللەتانی تر نزم تر نەفڕیون. هەرلەم ئاسمانەیشدا قەل و داڵەکانی ئەوان لە قەل و داڵی ئێمە کەمتر نەبووە. مێشکی قەڵەمی ئێمە پووتتر و هی ئەوان پڕتر نەبووە. هەر درەختی ئێمەش پوازی نەبووە. ئەسپەکانی بەردەقارەمان و پیران و بەرزان و موکریان لە ئەسپەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب و باشووری ئەفریقا و ئەمریکای لاتین گەمژەتر و بێ دەماغ تر و نا چاپوکتر و نا ڕەسن تر نەبوون! بەلام- کەسیش ئەوەندەی ئێمە کسپەی «بەلام»ی لەگیان هەڵنەساوە!... بەلام وەکوو ئێستا و دوێنێ و پێرێی دوورتریش! ئاخ کێ ناڵێ! تەنانەت ڕەنگە وەک سبەینێش..

زۆرترین لاپەڕەی مێژووی ئەم گۆی زەمینە
هەر دێوە گورز بەدەستەکان- دێوی ڕەش، سپی، سوور...

هەر ئەوان بە دەمی شمشێر و سەری گوللەتۆپ و نووکی بۆمباو باڵی هەوای ژەهراویی نووسیویانەتەوە و، ڕاستیی وەک ئێمەش، زۆرجاران، یان (مەسیح)ێکی لە خاچ دراو و یان (حەللاج)ێکی چوار مێخە کێشراو و یان قازی‌یەکی لە قەنارەدراو و یان مەولەوی هەڵەبجەیەکی خنکێنراو بووە!

لە لۆزانەوە تا هەڵەبجەش
کارمامزە سپیەکەی هەقی ئێمەش
یان بە تیری ئەملا یان بە هەوای ژەهراوی ئەولا
قوربانیەکی کەس پێ نەزانی بازاری زڵ هێزان بووە.

ئەوسایش، دوای یانزە مانگ.. کاتێ نەوت کەوتە چاوداگرتن. تارانی شا، پەردەی لەسەر لەش و لاری بریقەداری هەڵدایەوە... ئاوتێزایە دەمی کرێملن و کۆترەکەی دووی ڕێبەندانی ئێمەش هەر لە هەمان چوارچرادا ملی هەڵکێشرا!
دووی ڕێبەندان، هەر مێخەک بەندی گەردنی یارێکی بۆن خۆشی ڕابردوومان نی‌یە. هەر کوڕژنی ئەسپی باو برووسکەی چوارچراو گزرانیی درەخت و سەمای بەفرە خۆرکەی سەرتاشە بەرد و ناو سیسڵ و بەربێلایی چیاکانمان نی‌یە. بەڵکو خوڕە و هاژەی بزوتنەوەی بەردەوامی کوردایەتیەکە: کە مرۆڤ پەروەری و دیموکراتیەت پەروەری و خۆشەویستیی پەنجەرەکانی ڕوو لە هەتاوی ڕێ و بانی ئایندەیەتی...
چل و پێنج ساڵە... یاد لە دوای یاد... ئاگری ئەم جەژنە بڵێسەدار ترە، چونکە دەستەچیلەی خۆشکردنی دڵی کوردستان خۆیەتی. چل و پێنج ساڵە ئەزموونی ڕێگا جیاجیاکانی بیردۆزی هزرو تاقیکردنەوە ئەمانهێنن و ئەمانبەن و بەلام وەک سەرئەنجام هەر ئەچینەوە سەر شا ڕێگەیەک کە کوردایەتیی ڕەنگی عیشق و تێکۆشانی بۆ ڕشتووە و هەڵۆکەی دووی ڕێبەندانیش بە خامەی ملی خۆی ئەوین نامەکەی بۆ نووسیوین، هەڵۆیەک جیا لە زۆر هەڵۆی تر، هەڵۆیەک لەسەر هێلکەجووقانیەوە تا چاو لێکنانی ڕەوەزی بەرنەدا. لە بری ملی زەرنەقووتەکانی ملی خۆی کرد بە پەتا!.
ئەی دووی ڕێبەندان! گوڵی بەفرت، وەک ڕەنگ و ڕووی سرودەکەت لە گیانماندا نەژاکاوە.
تین و تاوی کەڵە پشکۆکانی کوانووەکەت.. وەک هیوا لەبیرماندا سارد نەبۆتەوە. حیلەی سێدارەکانت بەردەوام لە گوێی مێژووماندا ئەزرینگێتەوە. تۆ چراوگی دەستی ئاواتێکی کە لە هەموو تاریکستانێکدا دوور بە دوور بۆمان ئەجریوێنی و بەرپێی برینەکانمان ڕۆشن ئەکەیتەوە.
دە ئەی گوڵاڵەی بەفری دووی ڕێبەندان ماڵمان پڕکە لە بۆنی یادی پیرۆزت و تۆیش ئەی هەڵۆکەی چوارچرا منداڵەکانمان بخەرە سەرباڵی هەتاوی پاشەڕۆژت!

ستۆکهۆڵم ۱۹۹۱/۱/۹



www.arsivakurdi.org

# گوڵاڵەی بەفر

## - بۆ یادی دووی ڕێبەندان -

شێرکۆ بێکەس

لە مێژووی تیلچاف و ئەنگوستە چاوی ئێمەدا، تەنها جارێک چرای خۆزگەمان لە بەستێنی زرێباری غەمگینندا هەڵبووا. تەنها جارێکیش گوڵە سروودی ئازادیمان لە کرێوە و باسریشکی موکریاندا پشکووت. تەنها جارێکیش ئاسمانی تاتێلی سەرسەرمان خۆری ئاڵایەکی چاو بە فرمێسکی وەک شاهۆی تیا هەڵهات.

پایزیی هەڵوەرینمان چەندین سەدە و
بە هاریشمان یانزە مانگ بووا

لەوێوە چیرۆکێکی دیکەی سەر بەتەم و مژی هەناسە درێژی ئەم پاردە و قەڵای کوردایەتییە دەست پێ ئەکات! لەوێوە رێچکە سێدارەی پڵنگە سوورەکانی هەوارێکی تری ئێمە باوبۆرانی وەسیەت نامەی خۆیان دایە دەست ڕێژنەباران و باکوزیری دوای خۆیان. ئێمە ئەشکەنجە و ئازایەتیمان شان بە شانی یەک هاتوون. ڕووناکی و تاریکیمان دوو ئەریبی ئاسۆیی و ستوونی ئەم خەمە کەڵەگەتمان بوون و لێمان جیانەبوونەتەوە، دووی ڕێبەندانیش، دوو دیدەی شایەتی ئەو هاوار و دووکەڵە بەردەوامەبوون کە بە درێژایی زامەکانمان لە جەستەی پارەپارەی مێژوومان هەڵساون و نەڕەوینەتەوە.

لە دووی ڕێبەنداندا و لە مێرگی پاراوی سەربەستیدا گوڵی بەفرمان چنی و دامان لە قژی سابلاخ و سابلاخیش هەموو کوردستان بوو.

لە زستانێکی هەڵ لەرزیوی دەست و پەنجە گۆنەکردووی سەقەمدا. نێزگزە جاڕمان لە نسێی کاوانەکاندا دۆزیەوە و ڕەشبەڵەکمان لە دەشتی سەهۆڵدا گەرم کردا.

لەو دەمەدا، پیاوێکی سەرەمێرا پیاوێکی گەنم ڕەنگ وەک بەرکاوی زاوا- بووک، خوێن شیرین وەک دار بەلاڵووکی گەییووی کۆساران. باریکەلە وەک تاژان یان وەک کەڵێکی نەحەساوەی ناو چیلە بەردو زەردومای کێوان، تەوێڵ پان وەک ئاوێنەی دیوار کۆی ناو ماڵەکانی سابلاخ و چاو تیژ وەک هەڵۆ لە پێشمانەوە ئەرۆیشت و کوڕی شاخ و کوڕی مێژوو بووا.

لە زەماوەندی ڕێبەنداندا، لە جەژنی نێو باپووسکە و تەرزە و کۆپاڵە باراندا، گوڵە هێرۆکانی گوێ تانجەرۆ و وان و خوڕخوڕە پێکەوە لە تەختایی چوارچرادا ئاوێزانی باڵای ئازادیی ئەبوون و شانۆی بەرەبەیانی مژدەیەکی سەوزیان ئەڕازاندەوەا.

لە ریزی لەشکری مێرخاساندا- گوڵ ئەستێرەی چاوی قودسی و عیززەت و سەیف پێکەوە ئەدرەوشانەوە و گەرویشیان یەک دەربەندی بزاڤی نەتەوەیی موقەددەس بووا.

لە شڵخەی چاپخانەکانی هزرو دەروونی مەهابادا، قەڵەمە بزۆز و نەسرەوتەکانی کۆیە و ماردین و سنە هەنگە عەشقی یەک شانەی خۆشەویستیی و یەک ئامێزی دایکانەی بە ڕێژە و بوون.

ئەم لانکەی کۆمارەا جگەرگۆشەی ئازادیی هەموومانی لە هەناودا بوو. خوێنی هەموومان ڕای ئەژەند. پەیڤی هەموومان بانگیان بە گوێدا ئەدا و بەروەسێلی شەوانەی ڕازەکانمان بوو.

لە یانزەمانگدا- یانزەجاران- بەژنی داربەڕووی هیواکانمان زیادیان کرد. یانزەجاران- بەسەر



www.arsivakurd.org

شیعر

خەبات عارف

# لە توورەبوونا یەكین

من و تۆ، دووكەسی زیندووین لە پێناوی نەمریدا.
یەك كەسین و بۆ سەربڵندی ئەم خەڵكە،
پێكی مردن ئەخۆینەوە.

ئەمرین، كاتێ كە بێدەنگی، ئەبێتە چرا
بە دەستی ئەم خەڵكەوە، بۆ دۆزینەوەی
تاریكی.
توورە ئەبین، كە سەرلەنوێ خۆری
دەنگی هەڵ دێتەوە.

من و تۆ، لە توورەبوونا یەكین.
لە مردنا، ئەبینە دوو كەسی نەمر و
لە ئاسمانی نەمریدا،
باڵی ژیان لە سەرمانا ئەكرێتەوە.

من و تۆ؛ دوو كەسی مردووین،
لە پێناوی نەمریدا یەك كەسین و
بۆ سەربڵندی ئەم خەڵكە،
پێكی ژیان ئەخۆینەوە.

من و تۆ، لە دوا پلەی بێزاریشا
دەستی ژیان توند ئەگرین و
ڕێزی ئەگرین.
بۆ كەسێكی نوێ تر ئەمرین.

١٩٧٩/٣/٢٤
سلێمانی

! ! ! ! ! !

# بۆ «جۆرج كرۆتز»

هەمان سەرە پێم پیا ئەنێ.
هەمان زمانە ئەمكوژێ هەمان دەستە
دڵم ئەگوشێ و خوێنم ئەكاتە
كاسەوە.

ئێستەش،
هەمان جەنگە باڵام لە باران ئەگرێت و
ڕووناكیی هەمان ئاشتییە چاوەكانم
كوێر ئەكات و
ڕۆحم ئەكا بە خوڵەمێش.

هاوڕێم سەردەم هەمان سەردەمی
وورگ و پۆستاڵە هەمان سەردەمی؛
كرم و
ڕیایی و
چەقۆیە.

دڵمان هێشتا وێرانە خاكەكەی سنگی تۆیە.

تەنیا ئەژین كە ئەشمرین،
لاشەكانمان بە بەردە باران ئەسپێرن.

١٩٩١/٧/٣

www.arsivakurdi.org

هەور، تاکە؛ با، تاکە. ئیدی نەمزانی وشەی dem کە بە مانای (ئەوان) دیٚ لە حاڵەتی بەرکار دا کوێوە هاتووە.

دەربەندیش گویٚ لە شاخ ناگریٚ

ئەم لاو ئەو لای قایم نەگریٚ.

لەبری (ئەم لاو ئەو لای شاخ) vägg نووسراوە، کە بە مانای (دیوار) دیٚت.

- شایەت س ٩٤ ک ٥٤٢

کورتە شیعرەکانی شێرکۆ ئاڵۆز و تەمومژاوی نین، نە وشەی گرانیان تێدایە، نە یاری بە وشەکردن، بە شێوازێکی وا نووسراون، هەموو خوێنەریٚ لێیان تێدەگات، شێرکۆ توانیویێتی بە شێوەیەکی ساکار، مەبەستی قووڵ دەرببڕێت، ئەمەیش لایەنێکی گەشی کورتە شیعرەکانێتی. وای بۆ دەچم شیعری شایەت بە هەڵە لێک دراوەتەوە. شاعیر باس لەوە دەکا کە (کرێکارێکی کورد کوژراوە) وەرگێڕ وای بۆچووە، کوردێک لە زینداندایە و بەمەرگ سزا دراوە و دواتر ئیعدام کراوە، بۆیە لەبری (بەدلە)، کە شێرکۆ مەبەستی پۆشاکی کرێکارە لە کاتی کاردا fångdräkten نووسراوە کە بە مانای پۆشاکی تایبەت بە زیندانی دیٚت. لەبری (لە ماڵەوە کە بە دلەکەیان هەڵواسی.) وەرگێڕ نووسیویێتی:

när de vände åter
och hängde upp hans dräkt.

وەک دەبینین (لەماڵەوە) پشتگویٚ خراوە، (کاتیٚ ئەوان گەڕانەوە) لە شیعرەکەدا نییە، وەرگێڕ خوولقاندوویەتی. ئەوانەی بە دلەکەیان هەڵواسیوە، کەسوکاری کرێکارەکەن نەک بکوژەکانی وەک وەرگێڕ بۆی چووە. لەبری:

خەمە وردیلەکان دەستیان

بەگیرفانەکاندا گێڕا

وەرگێر نووسیویێتی:

började de mindre sorgerna
tala i fickorna

واتا: (خەمە وردیلەکان لە گیرفانەکاندا کەوتنە قسەکردن.) لەبری پێی وتن sade نووسراوە کە بە مانای (گوتی) دیٚت.

- خاک س ٩٥ ک .٥٥

دەستم برد بۆ چڵی داریٚ

لەتاو ئازار لق داچڵەکی

لەبری (داچڵەکی) skrek نووسراوە کە مانای (هاواری کرد) دەبەخشێت.

- یادداشت س . .١ ک ٧٦٣

گوڵ یادداشتی خۆی نووسیەوە

نیوەی یادداشت

لەسەر نیگای جوانی ئاو بوو

ئاو یادداشتی خۆی نووسیەوە

نیوەی یادداشت

لەسەر بەژنی شۆخ و شەنگی دارستان بوو

دارستانیش کە یادداشتی خۆی نووسیەوە

نیوەی یادداشت

لەسەر خاکی دەزگیران بوو

کە خاکیشم یادداشتەکانی نووسیەوە

هەموو یادداشت، تێکرایی یادداشت

لەسەر دایکی میهرەبانی ئازادی بوو.

لەم کورتە شیعرەدا دوو وشە هەن زۆر گرنگن و دەبیٚ وەرگێر بە وردی رەچاویان بکا: یەکەم: (نیوە) کە سیٚ بارە کراوەتەوە. دووەم: (هەموو) کە لە کۆتایی شیعرەکەدا هاتووە و بۆ زێتر پیٚ لەسەر داگرتنی وشەی (تێکڕا) یش کە لە هاوواتایەتی لە تەنیشتییەوە هاتووە، کەچی وەرگێر، هەردوو وشەکەی فەرامۆش کردووە، وشەی (دایک)یش کە گرنگی خۆی هەیە ئەویشی پشتگویٚ خستووە.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم بنووسینە بهێنم بە پێویستی دەزانم بڵێم: من بە چاوی رێزەوە سەرنجی ئەو کارە سەختە دەدەم کە ئەو وەرگێرانە پێی هەڵساون و هیچ بۆ چوونێکی خۆم بەکاربڕ و مشتومڕهەڵنەگر نازانم و دلسۆزیم بۆ شیعری کوردی ئەم سەرنجانەی پیٚ دەڕبڕیوم، بۆ لاش بێکستروێمیش رێزی تایبەتیم هەیە، چونکە ئەمە یەکەمجاری نییە بە تەنگ شیعری کوردییەوە بێت.(١٥)

١٥- لاش بەشداری لە وەرگێڕانی ئەم دوو کۆمەڵە شیعرەیشدا کردووە:

- Goran. T[rar och konst Azad f;rlag Sweden 1986.
- Doften av min lands moln APEC f;rlag Sweden 1991.

ئەم کۆپلەیە پشتگوێ خراوە.

لەبری (پەنجە)، arm نووسراوە کە بە مانای (باڵ) دێت. لەبری (مێزەکەیش) کە شوناسە ett bord کە بە مانای (مێزێک) دێت کە ناشوناسە. لەبری «سینی» Ljusstake نووسراوە، کە مانای شەمعدان دێت. لەبری هەردوو ئاوەڵناوی (سرک و کێوی) کرداری Löpte نووسراوە کە بە مانای (بە پەلە ڕایکرد) دێت.

- هیوا س ٥٤ ک ٥٨٧

لەبری کرداری ڕابردووی (هەڵکورماوم)، فرمانی ڕانەبردووی +Sit ter jag نووسراوە کە مانای (دادەنیشم) دێت. لەبری: (ئەی ئەوینی کوردستانم) O min kurdiska fosterlands kärlek نووسراوە، ئەمەیش واتا: (ئەی ئەوینی وڵاتی کوردانم)، نازانم لەبەرچی وەرگێڕ وشەی (کوردستان)ی بەکارنەهێناوە.

- عاشق س ٦٠ ک ٥٦٦

لەبری:

ئەو تەنها لەلایە
ئێوەیش هەمووتان لە لایە.

وەرگێڕ نووسیویەتی:

Hon är mera värd
för mig än ni alla.

واتا: ئەو بۆ من لەهەموو ئێوە بە نرخترێکە. لەبری (چاو بە شەونم) tår ögde نووسراوە کە بە مانای (چاو بە فرمێسک) دێ. لە بری (زامی دڵدار) kärlerssorger نووسراوە کە مانای (خەمەکانی ئەوین) دەبەخشێ.

- هاوڕێ س ٦٤ ک ٥٣٨

لەبری وشەی (گەرمەسێر) واتا: گەرمیان värme نووسراوە کە بە مانای (گەرمی) دێ. längtan کە بە مانای تامەزرۆیی دێ لەبری وشەی (عەشق) نووسراوە.

- قۆخ س ٦٧ ک ٦٠١

لەبری (زووتر)، en gång نووسراوە کە بە مانای (جارێکیان) دێ. لەبری (لە بەرەبەیانی تەمەندا) i mina dagars begynnelse نووسراوە کە واتا (لە سەرەتای ڕۆژەکانمدا) دەبەخشێ. لەبری ئەم دێڕە: (تۆ بزانە بەشت نادا!) ئەم چوار دێڕە نووسراوە:

Lyssna till kurdistan
och hör efter
om hon är villig
att dela med sig.

- بەفر س ٦٨ ک ٥٩٧

لەبری (تۆ پەڵە بەفرێ) کە تاکە snöbollar، کە کۆیە بەکار هێنراوە، لە دوا دێری دەقە سویدییەکەدا بە ناڕەوا وشەی men قوت بۆتەوە ئەگەرچی دەقە کوردییەکە (بەڵام)ی تێدا نییە.

- پەڕەسێلکەیەک س ٧٤ ک ٣٠٨

ئەم شیعرە بەختیار ئەمین و کریستیان ڕۆبێری کردوویانە بە سویدی، تەنیا دوو تێبینیم لەسەری هەیە: (ڕووت و قووت) کە یەک وشەیە، avklädd و naken نووسراون کە تەنیا یەکێکیان مەبەستەکەی دەگەیاند.

شێرکۆ لێچواندنێکی ناسکی بەکارهێناوە، کاتێ دڵی بە (لۆکە) چوواندوە کەچی لە دەقە سویدییەکەدا وشەی (لۆکە) پشتگوێ خراوە، بەمەیش ئەم وێنە شیعرییە سەرنج ڕاکێشە (ئەو دڵە بچکۆلانەیە... لۆکەیەکە... ئازاری مۆر هەڵئەمژێ) لە ئاستی هونەرییەکەی هاتۆتە خوارەوە.

- ئازادی س ٧٦ ک ٥٩٤

لەبری وشەی (هەناو)، hjärta کە مانای (دڵ) دەبەخشێ، نووسراوە، لەبری (چاو) djup نووسراوە، کە بە مانای (قووڵایی) دێت. لەبری (مەلی بەربەیان هەڵئەفڕێ)، نووسراوە: flyggar fåglar i gryningen واتا: لە بەرەبەیاندا مەلان هەڵدەفڕن. لەبری (کێڵگە) کە تاکە و ناشوناسە åkrarna نووسراوە، کە کۆیە و شوناسیشە.

- گریان س ٧٨ ک ٣٢١

- ئەو دارستانە بۆ ئەگری؟

- ڕەنگە دەرختێکی گەنجی لێ مرد بێ.

وەکو ئاشکرایە ڕستەی دووەم پرسیاری نییە، کەچی لەدەقە سویدییەکەدا کراوە بە ڕستەیەکی پرسیاری.

Har den förlorat ett ung träd?

وەرگێڕ لە شیعری هەڵوێستدا لەبری (نەمام) ungtträd ی بەکارهێنا بوو، لەم شیعرەدا لەبری (درەختێکی گەنج) هەمان شتی داناوەتەوە. لەبری چنار träd نووسراوە کە بە مانای (درەخت) دێت، لەبری (پۆلە مەل) en gågel نووسراوە، واتا: مەلێک.

- پرسیار و وەرام س ٨٠ ک ٦٠٥

لەبری: (وەختێ باڵای چەک داگیرسا) نووسراوە:

när vapnens pipor räckte
ända in i himlen.

واتا: وەختێ پوولەی چەکەکان تا ناخی ئاسمان گەیشتن.

- سەنگەر س ٨٩ ک ٥٧٣

لەبری: (بۆی نەباری) inte låter sitt regn falla över den نووسراوە، واتا: ڕێگە نەدا بارانەکەی بەسەریدا بباری. لەبری (نەیگێڕێت و ڕای نەژەنێ) inte för dem framåt ئەمەیش دوور و نزیک پێوەندی بە مەبەستی شێرکۆوە نییە. جگە لەوە شێرکۆ دەڵێ:

هەوریش گوێ ناگرێ لە بایە
نەیگێڕێت و ڕای نەژەنێ.

www.arsivakurdi.org

När han räddat sina fågelungar
gav trädet upp kampen
och dräcktes i flodvågen.

ئەگەر ئەم سوێدییە بکەینەوە بە کوردی دەبێ بە:

وەختێ ئەو بەچکە مەلەکانی رزگار کرد
درەختەکە دەستی لە خەبات هەڵگرت و
لە سێلاوەکەدا خنکا.

وەک دەردەکەوێ وەرگێڕ، نەک هەر چۆنێتی کۆتایی هێنان بە شیعرەکەی ڕەچاو نەکردووە، بەڵکو لەبری ئەوەی شیعرەکە وەربگێڕێ، هاتووە شیکردۆتەوە. لەبری بێچووەکان fågelungar ی بەکارهێناوە، کە مانای بێچووەمەلەکان دەگرێتەوە، نەک بێچوو، دیارە مەل ناڵێت: من بێچووە مەلەکانی خۆم دەگوێزمەوە، بەڵکو وەک شێرکۆ گوتوویەتی، دەڵێ: بێچووەکانم دەگوێزمەوە. لەبری (ئەگواستەوە) räddat ی نووسیوە کە مانای (رزگاری کرد) دێت.

- هەڵوێست س ٣٢ ک ٥٤.

Ljus واتا: مۆم، ڕووناکی، کەچی وەرگێڕ جارێ لەبری (تریفە) و جارێکی دی لەبری (چرا) بەکاری‌هێناوە. لەبری: تۆڕ دەچنرێ، Nästan Lades نووسراوە، واتا: تۆڕ دادەنرێ، یان دەنرێتەوە. وشەی (هەواڵ) پشتگوێ خراوە. وشەی Sorg کە بە مانای خەم، پەژارە دێ لە خۆڕا نووسراوە لە شیعرەکەدا نییە.(١٤)

- پێکەوە س ٣٤ ک ٦٤٣

وەرگێڕ نووسیوێتی: bredvid varandra واتا: بە تەنیشت یەکدییەوە، شتی وایش لە شیعرەکەدا نییە.

- ڕێگا س ٣٥ ک ٥٧٨

لەبری: (ئاراراتیش کوردی لێ‌بوو
کوردیش دووانەی چەوسانەوە و تێکۆشانی
بە یەک سک بوو.)

وەرگێڕ نووسیوێتی:

Ararat födde en kurd
som födde tvillingarna
förtryck och kamp

دووانە، واتا: ئەو دووکەسەی بە یەک سک لە دایک بوون، کە وابوو (بەیەک سک) زێدەیە، چونکە هەرچی دووانە هەیە هەر بەیەک سک لە دایکبوون و هەروایش دەبێ، بۆیە دووانەیشیان پێدەگوترێ. وەرگێڕ هەستی بەم غەفڵەتەی شاعیر کردووە و «بەیەک سک»ی فەرامۆش کردووە.

- میرات س ٤١ ک ٥٨٥

کە کەو ئەمرێ
دوای خۆی بۆ شاخ
چەند قاسپەیەک بەجێ دێڵێ

لەبری ئەمە نووسراوە:

När berghönan dör i fjällen
lämnar efter sig några sångar

واتا: کاتێ - کەو- لە شاخدا دەمرێ
دوای خۆی هەندێ گۆرانی بەجێ دێڵێ.

لەبری ئامرازی پێوەندی (بۆ) وەرگێڕ (لە)ی بەکارهێناوە تەنیا بەم هەڵە گچکەیە مەبەستی شاعیر شێوێنراوە کە باس لە میراتی دەکات و میراتیش (بۆ) خەڵک دەمێنێتەوە، یان (بۆ) خەڵک بەجێ دەهێڵرێ.

لەبری (ئاسک) کە gasell ی پێدەگوترێ myskhjort نووسراوە، mysk هەر میسکە، hjort بە هەموو ئەو گیانەوەرانە دەگوترێ کە لە چەشنی ئاسکن، وەک فیلەگێژە، کەڵەکێوی، مەڕەکێوی...

- ساڵی تازە س ٤٣ ک ٥٩٤

لەبری: (نەمدا لە ئەگریجەم) pryder نووسراوە، کە مانای: جوانتری دەکا، یان دەیڕازێنێتەوە دەبەخشێ. لەبری (بچووکتر دەبێ) var mindre نووسراوە کە بە مانای (بچووکتر بوو) دێ. لەبری: (دەچمە خوازبێنییان) gifter jag mig med نووسراوە، کە ئەمە ژن هێنان دەگرێتەوە، نەک خوازبێنی کردن. لەبری (گۆم) sjö نووسراوە کە بە مانای دەریاچە دێت.

ئەو ئاسۆیەی پار تیا نەفڕیم
ئەمساڵ ئەبێ بەجێی گەشتم
مەلێ وای وت.

---

-١٤

نامەیەکیش خۆی لە زەرەفەکەیدا دڕان
وەختێ زانی
هەواڵی ئیعدامکردنی هەڵبەستێکی لەناو دایە.
بریا شێرکۆ شیعرەکەی بەو جۆرە کۆتایی پێ بهێنایە و دەست بەرداری دوا دێڕی ببوایە کە دەڵێ:
بۆ مەهابادی لەپلالە.
ئەم دێڕە بە ئاشکرا دیارە، پارێکردنێکی ساکارە بە سۆزی خەڵکی و زیادەیە و گوتنی زیانێکی گەورەی بە کۆتایی و سەرجەمی شیعرەکە گەیاندووە.ئاشکرا نەکردنی ئەوەی ئەو هەڵبەستە باس لە چی دەکات و بۆچی گوتراوە و بۆ ئیعدام دەکرێ، شیعرەکەی گەلێ بە پیرۆز و پڕ ماناو قووڵتر دەکرد و گەلێ پرسیاری لای خوێنەر بەجێ دەهێشت.

- ئەگەر وەرگێڕ بیەوێ هەر دوو دەقەکە بە تەواوی وەک یەک بن، دەبێ هانا بۆ وەرگێڕانی حەرفی ببات، (دیارە بە واتا نیگەتیفەکەی نا، بەڵکو بەو مانایەی بەوپەڕی دەستپاکییەوە کارەکەی ئەنجام بدا.)

- ئەو وشانەی ڕۆڵی کلیل وازی دەکەن دەبێ بە وردی وەگێڕدرێن و لە دەقەکەدا چەند جار هاتوون، هێندەجار بنووسرێنەوە.

- تا وەرگێڕان بە پێوانە لەگەڵ دەقەڕەسەنەکەدا کورت بێ، پەسەند ترێکە.

- وەرگێر نابێ (تەنانەت بەبێ مەبەستیش) هیچ دەست تێوەردانێک بەکارەکەیەوە دیار بێت، نابێ دێڕێک، تەنانەت وشەیەکیش پشتگوێ بخات.

- دەبێ دوو وشەی هاومانا یان دژ بەیەک کە لە دەقەکەدا پێوەندییان پێکەوە هەیە، یان لە تەنیشت یەکدییەوە دێن، لە وەرگێڕاندا گرنگییان پێ بدرێت و لەبەرچاو بگیرێن.

- ئەگەر وشەیەک لە زمانی دووەمدا هاوتایەکی باوی هەبوو، نابێ وشەیەکی دی، لە بری ئەو وشە باوە دابنرێ، دەبێ ئەگەر کەسێکی دی هەمان دەقی بۆ سەر زمانی یەکەم وەرگێڕایەوە، بە ئاسانی هەمان وشە دابنێتەوە.

- نابێ وەرگێڕ لە خۆڕا ڕۆشنایی بخاتە سەر دەقەکە، مەگەر یاریدەی زێتر تێگەیشتنی بدات.

- وەرگێڕ بۆی نییە دەقەکە جوانتر بکات.(١٠)

- ئەگەر بە هۆی هەژاریی زمانی دووەمەوە، وەرگێڕ بۆ وشەیەک پەکی کەوت، دەتوانێ وشەیەکي نزیک لە مەبەستی نووسەر بەکار بهێنێ.

- وەرگێڕ دەبێ لە هێماکان تێبگات و یەکە یەکە مانای ئاشکرا و شاراوەی وشەکان بزانێ. (١١)

***

(شیعرەکەمیان وشەوشە برد، کاتێ وەریان گێڕا، ئەوە گۆزە شاخاوییە شکاوەکەمە، سەرلەنوێ بە وردی وەک خۆیان لێکردۆتەوە، ئەگەر ئاوی لێچوو، هەڵەی ئەوان نییە، هی منە.)(١٢) دەشێ ئەم گوتەیەی هەمزاتۆف ئەگەرچی ڕەنگدانەوەی بێ فیزیی خۆیەتی، بۆ خەوشی وەرگێڕی کەم توانا ڕۆڵی پینە بگێڕێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەگەر گۆزەی شیعرێ دوای وەرگێڕان ئاوی لێچوو، ئەوە خوێنە و لەبەر شاعیر و شیعرەکەی دەڕوا.

لەبەر ئەوەی تەنیا سەرچاوە بۆ کورتە شیعرەکانی شێرکۆ کە پشتم پێبەست، بەشی یەکەمی دیوانەکەی بوو، ئەویش هەموو ئەو کورتە شیعرانەی تێدا نەبوو کە بۆ سویدی وەرگێڕدرا بوون، بۆیە نەمتوانی هەموو دەقە سویدی و کوردییەکان بەراورد بکەم، ئەگەرچی ئەوە پێویستیشی نەدەکرد و نووسینەکەم زیاد لە پێویست درێژ دەبوو. پێویستە ئەوەیش بڵێم سەرەتا سەرنجی دەقە سویدییەکەم داوە و هەریەکێ لەو شیعرانە لە دیوانەکەدا بووبێ، ئەوا سویدی و کوردییەکەم بەراورد کردووە و بەپێی زنجیرەی شیعرەکان لە دەقە سویدییەکەدا، تێبینییەکانی خۆمم خستۆتە ڕوو.

- گۆڤاری بەربانگ، لە دەرەوەی سویدیش، گەلێ خوێنەری هەیە، ئەوانە شارەزای زمانی سویدی نین، بۆیە کە سەرنجێکم لەسەر وشەیەک یا ڕستەیەک دەربڕی بێت، هێندەی پێم کرابێ خۆم لە نووسینی ئەڵتەرناتیڤەکەی پاراستووە و هەوڵیشم داوە کەمترین وشەی سویدی بهێنمە ناو نووسینەکەمەوە.

- جوانترین گوڵ (لە کتێبە سویدییەکەدا ل ١٣ لە دیوانەکەی شێرکۆ بێکەس‌دا ل ٦٣٦)(١٣)

لەبری وشەی (هەور) Sol نووسراوە کە بە مانای «خۆر» دێت، لەبری (ڕای ئەکرد)یش gick، کە بە مانای (ڕۆیشت) دێت و لە جێی (نهۆم)یش huset نووسراوە کەمانای «خانووەکە» دەبەخشێ.

لە بری «بڕیاریان داو ڕایان گەیاند» تەنیا وشەی Sade نووسراوە، کە بە مانای گوتی یان گوتیان دێت.

(هی کام ماڵ، لە باوەشی ئەم شارەدا) پشتگوێ خراون.

- قۆزپچە: س.٣ ک ٦٢٢

لە بری: پیاوێکی درێژ، Lång och smal man نووسراوە، واتا: پیاوێکی درێژ و باریکەلە، لەبری «ئاودامان» trång نووسراوە کە بە مانی تەسک دێت.

(هەر بە پێوە ڕاوەستابوو) پشتگوێ خراوە.

- قوربانیی س/٣ ک ٥٥٨

چۆنێتی کۆتایی هێنان بە کورتە شیعر، گرنگییەکی تەواوی هەیە، لەم شیعرەدا شێرکۆ وەک شاعیرێکی زاڵ بەسەر هونەرەکەیدا دوایی بە شیعرەکە هێناوە، وەرگێر ئەمەی ڕەچاو نەکردووە و شیعرەکەی پاش و پێش خستووە، بەمەیش ئەو کاریگەرێتییەی کۆتایی، کە شاعیر زیرەکانە نەخشەی بۆ کێشاوە، وەرگێر لەبەر چاوی نەگرتووە. شێرکۆ دەڵێ:

وەختێ خنکا

ئەو دوا بێچووی ئەگواستەوە.

وەرگێر لە بری ئەو شەش وشەیە نووسیوێتی:

---

١٠- سەرچاوەی پێشوو.

١١- نظريات الترجمة الفرنسية، جان رينيه لادميرال. الثقافة الاجنبية. عدد ٢ بغداد وزارة الثقافة والاعلام ١٩٨٨ ص ١٤٣.

١٢- رسول حمزاتوف، آراء وقصائد. ترجمة ميخائيل عيد. مكتبة ميسلون. دمشق ١٩٨٤ ص ٢٠.

١٣- لەمەو دوا لەبری کتێبە سویدییەکە «س» و لەبری دیوانەکەی شێرکۆ «ک» واتا کوردی دەنووسم.

تەنیا شیعر وەک لاش نووسیوێتی.

من ئۆباڵی ئەم غەفڵەتانە و هەندێ هەڵەی گچکەی دیکەش کە لە پێشەکییەکەدا هەستیان پێدەکرێ و حەز دەکەم بازیان بەسەردا بدەم، دەخەمە ئەستۆی هاوکارە کوردەکانی لاش نەک لاش خۆی. پێویستە ئەویش فەرامۆش نەکەم، وتارەکەی - محەمەد ئوزون-م کە بە ناونیشانی شاعیری خەم و بەرەنگاری [٤]، بەو بۆنەیەوە نووسیوێتی کە شێرکۆ یارمەتی تۆخزلسکی [٥] بەرکەوتووە، خوێندەوە، هیچ هەڵەیەکم تێدا بەدی نەکرد.

***

ئەگەرچی ڕەخنەگر ناتوانێ چاو لەو کەلێنە بپۆشێ کە داستانی هەڵوی سوور و هەر سێ بەشەکەی کەشکۆڵی پێشمەرگە خستوویانەتە شیعری شێرکۆوە، بەڵام هێشتا یەکێکە لەو شاعیرانەی کورد، کە چارەکە سەدەیەکە بە پشوویەکی درێژەوە بوونی دەنگی خۆی لە جیهانی شیعری نوێ و هاوچەرخی کوردیدا سەلماندووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جێ پێی پتەوتر دەبێ.

یەکێک لە خەسڵەتە شیعرییەکانی کورتە شیعری شێرکۆ کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ، چۆنێتی چنین و بڵندبوونەوەی ساختمانی شیعرەکانێتی. گەلێ جار پەنا دەباتە بەر کۆمەڵێ کلیل بۆ کردنەوەی دەروازەیەک کە مەبەستێتی، یەک بە دوای یەکدا کۆمەڵێ وێنە دەکێشێ، کە هەموو ئەو وێنانە پەپوولەی دەوری یەک مۆمن و لە کۆمەڵێ لایەنی هاو ناوەڕۆکی شێوە جیاوازەوە تاڵە تیشکی ڕووناکی ئاڕاستەی ئامانجێک دەکەن، بە مەبەستی گەیشتن بەو ئانجامەی کە پێشتر بڕیاری لەسەر داوە. هانا بردن بۆ هەمان شێواز تاقە لایەنی نێگەتیفی کورتە شیعرێتی، پانزە ساڵێک دەبێ شێرکۆ لەو کورتە شیعرانە دەنووسێ، بە درێژایی ئەو ماوەیە هەمان خەسڵەت بەسەر گەلێ لە کورتە شیعرەکانیدا زاڵە:

ئەگەر لەناو شیعرەکانما
گوڵ دەراوێژنە دەرەوە
لەچوار وەرز، وەرزێکم ئەمرێ
ئەگەر یار بێننە دەرەوە
دووانم ئەمرن
ئەگەر نان بێننە دەرەوە
سیانم ئەمرن
گەر ئازادیی بێننە دەرێ
ساڵم ئەمرێ و خوێنشم ئەمرم.[٦]

وەک دەردەکەوێ هەمان بیرۆکەیە و بە وێنەی تا ڕادەیەکی زۆر لە یەکدی چوو پاتە دەبێتەوە، پەنا بردنە بەر هەمان شێواز لە تاقە شیعرێکیشدا وەک کەلێن دێتە پێش چاو، چ جای ئەوەی هەمان شێواز بەسەر گەلێ کورتە شیعردا زاڵ بێت. لەگەڵ ئەم سەرنجەیشدا هێشتا کورتە شیعری شێرکۆ بۆ ئەوە دەشێ وەکوو نموونەی هەرە باڵای شیعری نوێی کوردی نیشانی بێگانە بدرێ و بە ڕاستی دەکرێ نوێنەر و دەمڕاستی شیعری نوێی کوردی بێت.

***

ئەوەی بەکاری وەرگێڕانەوە خەریک دەبێ، بە تایبەتی (وەرگێڕانی شیعر، کە دژوارترین هونەرە)[٧] پێویستە بە تەواوی کەوتبێتە ژێر کاریگەرێتی ئەو دەقەوە کە وەری دەگێڕێ، دەبێ دەقەکە ڕۆڵی بزوێنەری دی بێت و وەرگێڕی بزواندبێ، ئەوسا وەرگێڕانەکە دەبێتە کاردانەوەی ئەو بزواندنە. وەرگێڕی چاک دەبێ: بە وردی لەو دەقەی وەریدەگێڕێ تێبگات و هێندەی نووسەرێکی چاکیش توانای نووسینی بە زمانەکەی- خۆی- هەبێ.[٨]

وەرگێڕان دوو جۆری هەیە، یەکەمیان: هەوڵدان بۆ ئەوەی کارێگەرێتی دەقەکە لەسەر خوێنەر بە زمانی دووەم، وەک کاریگەرێتی لەسەر خوێنەر بە زمانی یەکەم وابێ. دووەمیان: هەوڵدان بۆ گەیاندنی تەواوی مانای دەقەکە، بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی زمانی دووەم.

شێوازی یەکەم بۆ ئەو دەقانە دەست دەدا کە گەیاندنی ناوەڕۆک بە پلەی یەکەم دێت، شێوازی دووەمیش بۆ ئەو دەقانە لەبارە کە خەسڵەتە زەمانەوانییەکانی دەقەکە کەسایەتیی نووسەر بەرجەستە دەکەن. شێوازی یەکەم پشت بە وشەو دووەم پشت بە ڕستە دەبەستێ.[٩]

هەندێ تێبینی گرنگ هەیە ناکرێ وەرگێڕ پشتگوێیان بخات:

- دەبێ وەرگێڕ ڕۆشنایی بخاتە سەر ناو، ئیدی ناوی شار بێ، کەس بێ...

- کە زمانی دەقێک ئاڵۆز و سەخت بوو، وەرگێڕ ناتوانێ هەموو شتێ بە تەواوی بەسەر بکاتەوە، بۆیە ناچارە پەنا بۆ شیکردنەوە بهات.

4- MEHMED UZUN. Sorgens och motståndets diktare. DN. Lördag 15 augusti 1987.

٥- یارمەتی تۆخزلسکی، ساڵانە لە یانەی قەڵەمی سویدییەوە بە نووسەرێکی پەنابەری دەست کورت دەدرێ. (سەرچاوەی پێشوو.)

٦- دیوانی شێرکۆ بێکەس. بەشی یەکەم ستۆکهۆلم .١٩٩ ل ٧٦٢.

٧- جبرا إبراهيم جبرا. ينابيع الرؤيا. المؤسسة العربية للدراسات والنشر. بيروت ١٩٧٩. ص ١٢.

٨- سيكولوجية الشعر المترجم د. ريكان ابراهيم. الثقافة الاجنبية عدد ١ ص ١٤٩ بغداد. وزارة الثقافة والاعلام ١٩٨٩.

٩- مقدمة تجريبية في الترجمة. بيتر نيومارك. ترجمة عبدالوهاب الوكيل. الثقافة الاجنبية عدد ٢ ص ١٢٩ بغداد. وزارة الثقافة والاعلام ١٩٨٨.

## ڕەخنەی ئەدەبی

# ناپاکە جوانەکە

● حەمەسەعید حەسەن

«ئەگەر وەرگێران بە شێوەیەکی گشتی ناپاکی بێ، ئەوا وەرگێرانی شیعر ناپاکییەکی مەزنە.» مەبەست لەم گوتەیە، کەمکردنەوەی نرخی هونەری وەرگێران نییە. بەڵکو ئاماژەکردنە بۆ ئەوەی کە دەقی وەرگێڕدراو هەرگیز لە هەموو لایەنێکەوە وەک دەقە ڕەسەنەکە دەرناچێتەوە.

Små Speglar – ئاوێنە بچکۆلەکان- [1] بریتییە لە کۆمەڵێ کورتە شیعری، شێرکۆ بێکەس، عومەر شێخ مووس، لینا هاگەرمان، ئێریک ئۆڵسن و ئەگنێتا شێخ مووس کردوویانە بە سوێدی و لاش بێکسترۆیم و سیگرید کالێ پێیداچوونەتەوە. لاش کە ئەرکی پێشەکی نووسینیشی بۆ کورتە شیعرەکان لە ئەستۆگرتووە، سەرنجی خوێنەری بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە بۆ نووسینی پێشەکییەکە سوودی لە گوتارێکی محەمەد ئوزون سەبارەت بە شێرکۆ و لەو زانیارییانە وەرگرتووە کە عومەر شێخ مووس دەربارەی شێرکۆ بۆی باسکردووە، سەرەڕای ئەمانە دووجاریش بە هۆی تەرجوومانەوە لەگەڵ شێرکۆدا دانیشتووە و وتووێژی کردووە.

لاش لە پێشەکیی کتێبەکەدا چەند سەرنجێکی وردی دەربڕیوە کە جێی خۆیەتی خوێنەری کورد لێیان بێ ئاگا نەبێ:-

* لە جیهانی شیعری کوردیدا گوڵاڵە سوورە سیمبۆڵی ئازادی و ئەوین و بەرەنگارییە بەڵام لە کولتووری سوێدیدا خەو و خەوبینین و دەرمانی بێهۆشی یادی خوێنەر دەخاتەوە.

* کوللە لای سوێدییەکان گیاندارێکی جوان و خۆشەویست و بێ زیانە، نەک وەک لای کورد کە سیمبۆڵی زیانە خرۆیی و دزینی بەری ئارەقەی کەسانی دیکەیە.

* لە کورتە شیعرەکانی شێرکۆدا هەرچی لە سروشتدا هەیە، گوڵ، درەخت، با، شەماڵ، دەریا، جۆگا، بیردەکەنەوە و قسە دەکەن و شان بە شانی مرۆڤ لە خەباتدان.

* سروشت بناغەی هاوبەشی شیعری شێرکۆیە. [2]

ئەو ڕوونکردنەوانەی لاش گرنگییەکی تەواویان هەیە، چونکە خوێنەری سوێدی لە کولتووری کوردی نزیک دەخەنەوە. هەر کولتوورە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە بۆ نموونە ئەسپ کە لای کورد سیمبۆڵی یاخیبوون و کۆڵنەدان و تەنانەت شۆڕشیشە، «پێشبڕکێ بیری فەرەنسایی و کەژاوەی شاژن بیری ئینگلیز و سوار چاکی و ڕاو بیری عەرەب دەخاتەوە.» [3]

لاش نووسیویتی: (شێرکۆ لەو دوانزە کتێبەی بڵاوی کردوونەتەوە، یەکێکیان درامایەکی شیعرییە و یەکێکی دیکەیان چیرۆکە شیعرە.) ڕاستییەکەی شێرکۆ لە شێوەی کتێبی سەربەخۆدا دوو درامای شیعریی بڵاوکردۆتەوە کە بریتین لە: کاوەی ئاسنگەر ١٩٧١ و ئاسک ١٩٧٨. سەبارەت چیرۆکە شیعریش یان «شیعری درێژ» ئەم کتێبانەی بڵاوکردۆتەوە: دوو سروودی کێوی ١٩٨٠، ڕووبار ١٩٨٤، داستانی هەڵۆی سوور ١٩٨٤، داڵ ١٩٨٧.

لاش نوسیویتی: (نۆبەرەی کتێبی شێرکۆ ساڵی ١٩٦٨ ئەو کاتەی تەمەنی گەیشتە هەژدە ساڵان بڵاوکرایەوە.) ڕاستییەکەی ئەو کاتەی یەکەمین بەرهەمی شێرکۆ (تریفەی هەڵبەست) بڵاوکرایەوە، تەمەنی ٢٨ ساڵ بوو نەک هەژدە.

لاش نووسیویتی:« ساڵی ١٩٧٠ شێرکۆ لەگەڵ چەند شاعیرێکی لاوی دیکەدا بەیاننامەی - ڕوانگە- یان بڵاوکردەوە.» ڕاستییەکەی دووانیان چیرۆکنووس بوون: حوسێن عارف و کاکە مەم بۆتانی، جگە لەوە ڕوانگە بانگەوازێ بوو بۆ نوێکردنەوەی ئەدەب بە گشتی نەک

1- SHERKO REKAS. Små Speglar - Stockholm 1989, Huose of Kurdistan.

٢- نووسەری ئەم دێڕانەش هەمان سەرنجی سەبارەت شیعری شێرکۆ دەربڕیوە:

«زۆربەی شیعری شێرکۆ باس لە گوند و چیاو و دەشت و دارستان دەکات... سروشت سەراپای شیعرەکانی داگیرکردووە.» حەمەسەعید حەسەن. باسێکەی شیعر بەشەوارە نەکەوێ ل ٥٨ سوێد ١٩٨٩.

٣- المثاقفة وفعالية الترجمة في الادب المقارن. د امين الزاوي، الاداب الاجنبية عدد ٥١، ٥٢ ص١٩٩ دمشق ١٩٨٧.



www.arsivakurd.org

هەوڵی زۆرکردنی سەرمایەدارانی بیانی دەدەن، بە ئامانجی دەست بەسەراگرتنی کەرەسەخاوە سروشتیەکان و هێزی دەستی خەڵک لە کوردستانی تورکیادا. بۆرژوای تورک نایانەوێ سەرمایەی خۆیان بخەنەگەر لەو شوێنانەی کە باری سیاسی ئالۆز و دژوارە. لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە دەسەلاتدارانی تورکیا جگە لەو هەموو پروپاگاندە بەرفراوانەی لەم بوارەدا دەیکەن، جگە لەو گرنگی پێدانەیان بە ویلایەتەکانی رۆژهەلات و خوارووی رۆژهەلات بەمانەش ناتوانن جولانەوەی نەتەوایەتی کوردەکان لە ولات دامرکێننەوە.

ئەو رەش کوژیەی کە رژێم لە دژی کوردەکان ئەنجامی دەدات، بەشێکی جیانەکراوەیە لە ستراتیژیای ئیمپریالیزم، لە پێشەوەی هەمووان ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و نزیکدا. واشنتۆن ئەم سیاسەتە بە پێویستی ژیاری و بەرژەوەندی مۆنۆپۆلەکانی ئەمریکا لێکدەداتەوە، ئاشکراشە کە تورکیا باڵی خوارەوەی هێزەکانی ناتۆ پێکدەهێنێن. سەرباری ئەوەی گەورەترین جبەخانەی کارگەی چەکە، کە بە مارکەی (ئەمریکا دروست دەکرێت). بێجگە لەوانە لە ناوچەکانی نزیک بە سنووری عێراق و سوریا بنکەی (هێزی خێرا بلاوبوەوەی) ئەمریکا دروست کراوە، بۆ ئەوەی ئەگەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەڕەشەیان لێبکرێ. ئەوا ئەو هێزانە هەموو کاتێک ئامادەن بۆ پەلاماردانی راستەوخۆ لە پاکستانەوە تا کەنارەکانی ئەفریقیا.(١٧)

تابەم شێوەیە رژێمی سەربازی ئەنقەرە لەو هێرش و پەلامارەیدا هەموو کاتێک مەترسیەکی ترسناک دروست دەکات لەسەر بەرژەوەندی هەموو ئەو ولات و نەتەوانەی ناوچەکەدا کە جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیان لە ئارادایە. بە تایبەتی لەسەر گەلی کورد لە عێراق و ئێران و تورکیادا کە تینوی ئازادی و سەربەستین و لەم پێناوەشدا تێدەکۆشن.

ئەوەبوو لە ئەنجامی خۆرت بوونی چالاکیەکانی پارتیزانی وای لە هەردوو رژێمی عێراق و تورکیا کرد لە ساڵی ١٩٨٢ پەیماننامەیەک لەنێوان خۆیاندا مۆر بکەن، مەبەستی ئەو پەیماننامەیەش لەلایەن رژێمی تورکیاوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە دژایەتی نیشتمانپەروەرە کوردەکان بکات. ئەو پەیماننامەیەش کات و ساتێکی درێژخایەنی هەبوو ئەوە بوو کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٤ بۆ ماوەیەکی دوورتر درێژەکرایەوە و مەترسییەکی گەورەشی دروست کرد لە ناوچەکەدا. لێرەدا هەردوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمەنیستی تورکیا و عێراق، عەلی ئیلیری و کازم حەبیبی زۆر راستگۆیانە رایانگەیاند کە ئەو پەیماننامەیە نەک هەر تەنیا ئاڕاستە کراوە بۆ (دژایەتی کردنی خەباتی رەوای گەلی کورد لە پارچە جیا جیاکانی کوردستاندا. بەڵکو ئەمە رەنگی نەخشە و پیلانی ئیمپریالیزمە، لە پێشەوەی هەمووان ئەمریکا لە ناوچەکەدا)(١٨)

جگە لەوە هەردوو پارتی کۆمۆنیست لە بلاوکراوەیەکی هاوبەشدا دەستنیشانی ئەوەیان کردووە کە:- ئەمریکا وەک ژاندارمێکی ناوچەکە یارمەتیدەرە بۆ تورکیای ئەندامی ناتۆ لەمەڕ جێ بەجێکردنی ئەو سیاسەتە چەوساندنەوە شۆڤێنیە پاراوانسازیەی کە رژێمی تورکیا وەک ستراتیژ بۆ فراوانکردنی دەسەلاتی گرتویەتبەر.

بێگومان ئەو پەیمانە دوو قۆلیە چەپەڵە و ئەو پەلامارە نارەوایەی تورکیا نەک هەر هەڕەشە لەسەربەخۆیی هەردوو ولات دەکات، بەلکو مەترسیەکی گەورەیە بۆ ئاشتی ناوچەکە و جیهان، رێخۆشکەریشە بۆ ئەوەی هێزەکانی دەرەوە دەست بخەنە نێو کاروباری ناوخۆی هەردوو ولات).(١٩)

هەردوو پارتە کۆمۆنیستەکەی تورکیا و عێراق داوایان کردووە کە لەشکری تورکیا بە زووترین کات ئەو پەلامارە بوەستێنێ و ناوچەکانی سەر سنووری بەجێ بهێلێت.

جگە لەوەش داوایان لە تەواوی هێزە کۆمەلایەتیە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان و هەموو ئەو کەسانەی لەسەر گۆی زەویدا نرخی ئاشتیان لەلا هەیە کردووە کە لایەنگری لە خەباتی عادیلانەی هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخواز و کۆمۆنیستەکانی هەردوو ولات بکەن لە خەباتیاندا دژی رژێمە دیکتاتۆریەکان بۆ هێنانەدی جێگرێکی دیموکراتیانە.

*********

ئەم وتارە لە ساڵی ١٩٨٨دا بلاوکراوەتەوە، لە کتێبێکی تایبەتی کە کۆکراوەی کۆمەڵێک وتاری جیاجیان لەلایەن چەندین تورکناسی یەکێتی سۆڤیەت بە ناوی (تورکیا...... سەردەم و مێژوو)

سەرچاوەکان:


1. Der spiegel. 19-10-1981.
2- Niştiman. 1983, No 5, c. 7
3- Hûrriyet. 08-11-1982
4- Riya Azadi 1983, No 7, c.2
5-
6- Tam me c 152.
7- Riya Azadi 1982 No 5-6. c.4
8- Dengê komkar. 1983 No 54, c. 6
9- cm. Harpunep: Niştiman. 1983, No 5, c.7.
10- Dengê komkar. 1983, No 38, c.1
11- Niştiman. 1983 No. 5, c.5
12-
13- Niştiman 1983 No. 5, c.7.
14- Turkiye postasi. 10-08-1984
15- Tam me.
16- Tam me.
17-
18- Tam me
19- Tam me.



کتێب فرۆشیی هەرزان لە یۆنشۆپینگ

کتێب فرۆشیی هەرزان، بۆ بلاوکردنەوە و لە چاپدانی پەرتووکی فەرهەنگی و مێژوویی و ئەدەبیاتی کوردی لە دەرەوەی ولات دەتوانێت هاوکاری ئێوە بکات.
تکایە بۆ کڕینی کتێب یا بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانتان پەیوەندیان دەگەڵ بگرن بەم ناونیشانەی خوارەوە:

Kitab Herzan
Birger Jarls gatan 9B
554 63 Jönköping

له کوردستانی تورکیادا دەستی پێکرا، هێزی ئاسمانی و پیادەی تورکیا و ئەمریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیای رۆژئاوا و ئیتالیا و بەلجیکا بەشداریان تێداکرد.

بێجگە لەمانەش رژێمی سەربازی بە بەردەوامی نەخشە بۆ میلیتاریستەکردنی رۆژهەلاتی ولات دادەنێ، هەروەک لەناوچەی هەکاری بە یارمەتی ئەمریکا فرۆکەخانەیەکی سەربازی دروستکراو فرۆکەخانە سەربازیەکەی وان زیاتر فراوان کرا. میلیتاریستەکردنی کوردستانی تورکیا هەر تەنێ بۆ دژایەتی گەلی کورد نییە، بەڵکو بۆ دژایەتی کردنی سەرجەمی جولانەوەی رزگاریخوازە نەتەوەییەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست و نزیکە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەمریکا بە تەواوی لایەنگیر و پاڵپشتی تورکیایە.

ئەوە بوو رژێمی تورکیا بە رەزامەندی و هاندانی ئەمریکا، لە ئەیاری ١٩٨٣دا، ١٥ پانزە هەزار سەربازی بۆ سەر سنووری عێراق بەرێکرد. دوایی بە قولایی ٣٠ سی کیلۆمیتر چوونە نێو خاکی باکووری عێراق، مەبەستی سەرەکیشیان لەم پەلامارەدا گەمارۆدانی بنکە شۆرشگێریەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (لایەنگرانی بارزانی) بوو، لەلایەک هێزەکانی پێشمەرگە بە توندی بەرەنگاریان بوونەوە، لەلایەکی ترەوە رێکخراوە کۆمەلایەتیەکانی جیهان بە راشکاوی ئەم هێرشەیان تاوانبارکرد، هەر بۆیە سوپای تورکیا ناچار بوو کوردستانی عێراق بەجێ بهێلێ. ناوەرۆک و مەبەستی ئەو پەلاماردانەی سوپای تورکیا بۆ باکووری عێراق، بەو مەبەستە بوو کە رێگە لە گەشەکردنی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوایەتی کوردەکانی عێراق بگرێ و لاوازی بکات و تێکی بشکێنێ، چونکە ئەو گەشەکردنە کاریگەریتی بۆ سەر جولانەوەی کوردەکانی تورکیا هەیە.

دەسەلاتدارانی تورکیا هەوڵیان دا نەک تەنیا لە رێگەی سەربازییەوە کێشەی کورد لەنێوبەرن، بەڵکو پیلانێکی دیکەیان گەلاڵە کرد، بەڵێنیان دا کە پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردنشینەکان دابنێن، بۆ ئەوەی ئەو ئالۆزی و شێواویەی لە کوردستانی تورکیادا هەیە نەیهێلێن. هەروەک ئۆزالی سەرەک وەزیران رایگەیاند:(ئێمە وامەزندە دەکەین کە ئەو پرۆژەیە لە پلەی یەکەمدا لە رووی گەشەپێدانی ئابووری کۆمەلایەتی ناوچەکانی خوارووی رۆژهەلاتی ئەنادۆڵدا زۆر گرنگە، لێرەدا ئێمە وەک ئەرکێکی نەتەوایەتی سەیری ئەم پرۆژەیە دەکەین کە دەبێت بۆ جێ بەجێکردنی لە ماوەیەکی کەمدا، هەموو پێویستیەکانی بۆ مسۆگەر بکرێت).

یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی رژێم بۆ گەشەپێدانی ئابووری ناوچە دواکەوتووەکان، لە پێشەوەی هەمووان رۆژهەلات و خوارووی رۆژهەلاتی ئەنادۆڵ، ئەوە بوو کە لەنێوان ئاستی گەشەکردنی ئەو ناوچانەدا جیاوازی کەم بکرێتەوە و لەگەڵ هەموو ناوچەکانی تری ولاتدا یەکسان بکرێت. وا لە خوارەوە ئەو بنچینانە پێشچاو دەخەین کە رژێم لەپێناو گەشەپێدانی ئابووری ناوچە ناوبراوەکان، چۆن پرۆژەیەکی گەلاڵە کردووە:-

- لەپێناو دابینکردنی پێداویستیەکان لەم ناوچانەدا بەو شێوەیە هەنگاو دەنرێت کە گەشە بە گەنجینە سروشتیەکان و کشتوکاڵ و مەرومالات و زیندکردنی بەرهەم بدرێت. هەروەها نەخشە دانان لەپێناو زۆرکردنی کار و قەرزدان بۆ ماوەی نزیک و دوور بەبێ قازانج، کە دەوڵەت لێرەدا بەشێک لە دارایی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکات. جگە لەوەی هیچ باجێک لەو سەرمایەیەی کە پاشەکەوتی دەکەن، لێیان ناسەندرێت.

- بە زووترین کات دارایی تایبەتی دادەنرێت بۆ دروستکردنی رێگاوبان، بیر لێدان، کارەبا، قوتابخانە، نەخۆشخانە، هێزەکانی پێوەندیکردن، هەروەها دامەزراندنی دامودەزگا کۆمەلایەتییەکان.

- ئەو ناوچانەی سنووریان لێوە نزیکە، نابێ چیتر بە دواکەوتوویی بێننەوە، لەبواری گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی ئابووری پێویستە ئالوگۆری بازرگانی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەدا پەرەی پێبدرێت، هەروەها بەرنامەی جۆراوجۆر دادەنرێت بۆ سانایی هاتووچۆکردن.

- مانگانەی ئەو کرێکار و فەرمانبەرانەی لەو ناوچانەدا کاردەکەن، بە شێوەیەک دەبێ رێک بخرێت کە لەگەڵ باری گوزەرانی دانیشتوان بگونجێ، هەروەها پەلە بکرێ لە دروستکردنی خانووبەرە.(١٤)

دەکرێ ئەوەش بڵێین کە رژێمی تورکیا پێشتریش پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی ناوچەکانی کوردستانی تورکیای دانابوو، بەلام لە رووی بەدیهێنانی هێندە گرنگیان پێنەدەدا و پشت گوێیان دەخست، ئەم پرۆژە دانانەش لە لایەکەوە پێویستیەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی ولات نیشان دەدەن، لەلایەکی دیکەوە وەک ئەوەی گوایە هەوڵ دەدەن، بە گرنگی دان و گەشەپێدانی ویلایەتەکانی رۆژهەلات و خوارووی رۆژهەلات، بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە جولانەوەی نەتەوایەتی لە کوردستانی تورکیادا پێش دەکەوێ و بە گوڕتر دەبێ.

ئەوە بوو ئۆزاڵ بە گوێرەی بەرنامەی حکومەتەکەیەوە لە ئەیلوولی ١٩٨٤دا، بریاری پێکهێنانی (هەرێمی سەربەخۆ)ی لە ١٧ بیست و حەوت ویلایەتدا راگەیاند، کە ویلایەتەکانی رۆژهەلات و خوارووی رۆژهەلاتیش دەگرێتەوە. ئەم بریارەش بنچینە و هێزی یاسایی هەیە.

ئیدی مۆنۆپۆلەکانی نێو دەوڵەتان و مۆنۆپۆلە بچووکەکانی ناوخۆی ولات بە گوێرەی ئەم بریارە دەستیان بەکار دەکرد لە ویلایەتەکانی ئاگری، قارس، تونجێل، بینگۆل، موش، بتلیس، گیومیوشان، هەکاری، سیرت، وان... جگە لەوەش ئازادکران لەو باجەی کە هەبوو.

بەلام ئەو مۆنۆپۆلانەی کە لە ویلایەتەکانی سیواس، مالاتیا، ئێلیازیگ، دیاربەکر، ئەدیامان، قەهرەمان ماراش، ئورفە، چان قەرە، چاروم، کاستەمۆ، سینوپ، یۆزگات، ئارتڤین، ئەرزرۆم، ئێرزنجان، وماردین، سەرمایەیان خستبوە گەڕ دەبوایە تەنیا لە ٤٠٪ ی ئەو باجە بدەن کە بە شێوەیەکی گشتی پێشتر دانرابوو.(١٥)

لەسەر سەرمایەدارەکانیش پێویست بوو کە سەرمایەکانیان بۆ بەشەکانی ئابووری تەرخان بکەن وەکو کشتوکاڵ و دەرهێنانی کەرەسەی خاو لە ناوچە شاخاویەکاندا کە پێوەندیان بە پیشەسازییەوە هەیە. هەروەها بەرهەمهێنانی پێداویستیەکانی جەنگ.

بەپێی بڵاوکراوەی چاپەمەنیەکان، وادەردەکەوێت، کە ئەم بریارە پەیوەندی بە پەیماننامەی نێوان تورکیا و ئەمریکاوە هەیە، لە دامەزراندنی ١٠دە فیرمی نوێ، بۆ بەرهەمهێنانی کەلوپەل و پێداویستیەکانی فرۆکەی (F-16). لەم فیرمانەدا مۆنۆپۆلی ئەمریکا و مۆنۆپۆلی بچووکەکانی ناوخۆ و حکومەتی تورکیا و کۆمەڵەی هاوپەیمانی سەربازی (ORK) هاوبەشن تیایدا.

زۆربەی زۆری دانیشتوانی ئەم ویلایەتانە کوردن کە بە (هەرێمی کراوە) ناونراون. هەر بۆیەش دەسەلاتدارانی تورکیا لەم ناوچانەدا

www.arshivakurd.org

بێجگە لەوانە دەستووری ١٩٨٢ ڕێ و شوێن و پرۆگرامی بۆ حکومەتیش داڕێشتوە، کە ئۆزالی سەرەک وەزیران لە ١٩ی دیسامبری ١٩٨٣ لە چڤاتی نەتەوایەتی مەزنی تورکیادا (پەرلەمان) خوێندیەوە.

پرینسیپەکانی- پارتی نیشتمانی- و ناوەرۆکی ئایدیۆلۆژی پرۆگرامی حکومەتەکەیان، بورژوای ناسیۆنالیزمیە، بە هیچ جۆرێک دان بە مافی ئەو نەتەوانەی کە لە تورکیا دەژین و سەربە نەتەوەی تورک نین نەنراوە. ئۆزال لە پرۆگرامی حکومەتەکەیدا دەڵێ: (حکومەتی ئێمە، حکومەتێکی ناسیۆنالیزمیە، بۆچوونی ناسیۆنالیستانەی ئێمە پارێزگاری لە ناوەرۆکی دەستووری سەربەخۆ و تەواوی نەتەوەی تورک دەکات، هەروەها دژی لەت لەتکردنی وڵاتە).

بێجگە لەوە حکومەت بەڵێنی ئەوەی داوە کە بە ڕاشکاوی و بەردەوامی تێبکۆشێ لە دژی بەرەڵڵایی و تیرۆر و جیابوونەوەخوازی و هەر بۆچوونێکی لەم بابەتانەدا بێت. بێگومان ئەمە وادەگەیێنێ کە حکومەت بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات لەپێناو دامرکاندنەوەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی کوردەکاندا.

هەر بۆیە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری لەپێناو پەرەپێدانی سیاسەتی شۆڤینیانەی لەدژی کوردەکان (یاسای ڕاگوێزانی نەتەوەکانی) لە ئایاری ١٩٨٣دا ڕاگەیاند بە بیانوی ئەوەی گوایە ئاسایشی وڵات دەپارێزێ. بەگوێرەی ئەم یاسایە دەسەڵاتدارانی تورک، بۆیان هەیە دانیشتوانی هەر ناوچەیەکی وڵات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ڕابگوێزن (٨)

بە واتایەکی تر کاتێک جولانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی کوردەکان پەرەدەستێنێ، ئیدی ئەوان دەتوانن (ئاژاوەچییە) کوردەکان لە شوێنی ڕەسەنی خۆیان بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای تورکیا بگوازنەوە. بە گوێرەی ئەو بڵاوکراوە کوردیانەی هەندەران، هەر لەسەر بنچینەی ئەو یاسایەی باسمان کرد، زۆر لە خێزانەکانی کورد بۆ ڕۆژئاوای وڵات ڕاگوێزراون. (٩)

ئیدی ڕژێمی سەربازی بەردەوامە لەو سیاسەتەی کە لە دژی کوردەکان پیادەی کردووە. بۆ ئەم مەبەستەش بە پانایی ١٠ تا ٢٠ کیلۆمیتری نزیک بە سنوورەکانی سوریا و عیراق و ئێران (ناوچەی بێ ئارام)ی لێ پێکهێناوە، ئەم چارەسەرەش بە جۆرێک داڕێژراوە کە دانیشتوانی ئەم ناوچانە بۆیان نییە بەرهەمی مەڕ و ماڵات و پەزیان لەو ڕادەیە زیاتر بێت کە دەوڵەت بۆیان دیاری دەکات. جگە لەوە ڕژێمی سەربازی بەناوی تێکۆشان لە دژی ئاژاوەچییەتی هەزاران بنکەی بازرگانی لە دیاربەکر و غازی عەنتاب و کیلیس و باتووم و بایەزید و زۆر لە شارەکانی تر داخستوە، لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەم شارانە کوردن.

بۆ کوردەکان قەدەغەیە بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێننن، بنووسن یا گوێ لە گۆرانی و مۆسیقای کوردی بگرن، پۆشینی جل و بەرگی نەتەوایەتیان، تەنانەت ئاخافتن بە زمانی کوردی یا هەر شتێک کە ڕەنگ لە بوونی نەتەوایەتی کوردەکان بداتەوە.

ڕژێمی تورکیا چالاکی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیە پێشکەوتنخوازەکانیش قەدەغەکردووە، لەوانە یەکێتی شۆڕشگێری کۆنفیدراسیای تورکیا (د.ی. پی.ک) و یەکێتی مامۆستایانی تورکیا کە زۆر لە کوردەکان بە چالاکی بەشداری تیادا دەکەن. بە بڕیاری دادگا (٥٠) پەنجا کەس لە ڕێبەرانی یەکێتی مامۆستایانی تورکیا هەریەکەیان بە چەندین ساڵ زیندانی کران. چونکە یەکێتی مامۆستایان لە دژی سیستەمی شۆڤێنیانەی دەرزگوتنەوە و چەوساندنەوەی گەلی کورد لە ڕووی زمان و کولتوورە خەباتیان دەکرد. بێجگە لەوە، داهێنکردنی سیستەمێکی دیموکرات و مافی خوێندن بە زمانی کوردی و داواکاری مافی چارەنووسی گەلی کوردیان پێشنیار دەکرد.(١٠)

هەروەها دەسەڵاتدارانی سەربازی تورکیا چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیشیان قەدەغە کرد وەکو (ڕۆژا وڵات)، (ڕێگای ئازادی)، (ڕزگاری)، (ژینانو)، (لاوانی دیموکراتی شۆڕشگێڕ)، (ئازادی)، (تێکۆشین) و هتد.

بە گوێرەی بڵاوکراوە کوردییەکانی هەندەران، تەنیا لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی دوایی کۆدەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩٨٠دا، ڕژێمی تورکیا زیاتر لە ١٧٠ هەزار کەسیان زیندانی کردووە، لەوانە ٢٠٠ کەسیان لەژێر ئازاردانا کوژراون. نزیکەی ٧٠٠ کەسیان کەوتوونەتە بەر هێرش و پەلاماری دڕندانەی سەربازەکان و گیانیان لەدەست داوە. زیاتر لە ٢٠٠ کەسیش لە زیندانیەکان بڕیاری لە سێدارەدانیان دراوە. بێجگە لەمانە دادگا پێشنیاری لە سێدارەدانی ٤٦٠٠ چوار هەزار و شەش سەد کەسی تری کردووە.(١١)

بێگومان بەشی هەرە زۆری ئەو قوربانیانەش کوردن زۆر لە کوردەکان لە ئەنجامی ئەو تیرۆرە دڕندانەی لە تورکیادا هەیە، ناچار بوون وڵات بەجێ بهێڵن و پەنا بۆ وڵاتەکانی نزیک بە سنوور (سوریا، لوبنان) بەرن و هەروەها ئەورووپای ڕۆژئاوا وەک (ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، سوێد، بەرلینی ڕۆژئاوا...هتد)(١٢) کوردەکان بە ناچاری وڵاتیان بەجێ دەهێشت، ڕژێمی تورکیاش ئەمەی بە هەل دەزانی بۆ ئەوەی لەمافی هاونیشتمانیەتی بێ بەریان بکات و ڕزگاری بێت لەدەست- ڕێبەرانی یەکێتیەکان و نوێنەری ڕۆشنبیران و سیاسیە لێهاتوەکان کە زۆربەی زۆریان بیر و بۆچوونی پێشکەوتنخوازانەیان هەیە.

هەر دوای کۆدەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩٨٠ دەسەڵاتدارانی سەربازی بڕیاری- دەسەڵاتی سەربازیان- لە کوردستانی تورکیا و سەرانسەری وڵاتدا ڕاگەیاند، ئیدی لەشکری دووەمیان کە لە قوونیە بوو ڕەوانەی ماڵاتیاکرد بە هاریکاری هێزێکی چەکداری زۆر کە بە تازەترین شێوە چەکی نوێ تەداروک کرابوون و بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیادا بڵاوبوونەوە. ئەو (کەماندۆسانەی) کە لە تەواوی ناوچە کوردنشینەکاندا بڵاوبوونەوە، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە کەوتنە گیان و ماڵی کوردنشینە بێ دیفاعەکان، هەر لەم هێرش و پەلامارەدا بە هیچ جۆرێک بەزەییان بەپیر و منداڵ و ئافرەت نەدەهات. بە بیانووی ئەوەی گوایا بە دوای دزێنەوەی چەکدا دەگەڕێن، ئیتر کەماندۆس و ژاندام و پۆلیس لەو پەلامارەیاندا بۆسەر گوندە کوردەکان، مەڕوماڵات و کەلوپەلی تری جووتیارانیان دەست بەسەردا گرت.

لە کوردستانی تورکیادا چەندەها جار مانۆڤری سەربازی دووبارە و سێ بارە بۆتەوە، هەر تەنیا لە ماوەی سێ ساڵی دوایی کۆدەتا سەربازیەکەدا، ١٢ دوانزە جاران مانۆڤری سەربازی ئەنجام دراوە، دەکرێ ئەوەش بڵێین کە زۆر جاران ژاندارمی تورکی بە جلوبەرگی پێشمەرگە کوردەکانەوە خۆیان نیشانی خەڵک دەدەن. تەنانەت لەشکری وڵاتەکانی ناتۆش لە هەندێک لەو مانۆڤرانەدا بەشداریان دەکرد. هەر وەک چۆن لە ئەیاری ١٩٨٣دا مانۆڤری هێزە- ئامادەبووەکانی- ناتۆ لەژێر ناوی «Edvencher Express 83»

www.arsivakurd.org

نێو دەوڵەتان لەم حاڵەتەدا، پارێزگاری لێدەکرێت).
بێگومان مەبەست لە پەیمانی ئاشتی لۆزانە لە ساڵی ١٩٢٣دا کە بەندی ٣٧-٤٤ بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندی مافی کەمە نەتەوایەتیەکان دارێژراوە، لێرەدا مەبەست لەو کەمایەتیانەیە کە ئیسلام نین(٥).
هەروەها بە گوێرەی بەندی ٣٧ی پەیمانی ئاشتی، پێویستە لەسەر تورکیا کە ناوەرۆکی هەردوو بەندی ٣٨-٤٤ جێبەجێ بکات. بەپێی بنچینەکانی یاسا، لێرەدا تورکیا نابێ هیچ یاسایەک دابهێنێ، هەلومەرجی ئەوتۆش نەخوڵقێنێ، هیچ چالاکییەکی رەسمیش نابێ ئەنجام بدات، کە پێچەوانەی ئەو بڕیارانە بن.
لە بەندی ٣٨ی پەیمانەکەدا گوتراوە، کە دەوڵەتی تورکیا دەبێ بە تەواوی پارێزگاری لە ژیان و سەربەخۆیی دانیشتوانی وڵات بکات، بەبێ لەبەرچاوگرتن رەگەز و زمان و نەتەوە و ئایین. لە بەندی ٣٩شدا وتراوە: ئەو کەمە نەتەوایەتیانەی کە موسڵمان نین لە تورکیادا، وەک هاوولاٌتیە موسڵمانەکان مافی هاونیشتمانی و سیاسیان هەیە... بەهیچ شێوەیەکیش نابێ سنوور دابنرێت لە سوود وەرگرتن لە هەموو ئەو سەربەستیانەی کە هاوولاٌتیانی تورکیا هەیانە لە رووی زمان و کەسایەتی و پێوەندیەکانی بازرگانی و هەروەها لە رووی ئایین و نووسین و ئیدی هەر جۆرە چاپەمەنی و کۆبوونەوەیەکی بە ئاشکرا ببێت(٦) بێگومان دەسەلاٌتدارانی تورکیا هەموو کات بەندەکانی ئەو پەیمانەیان فەرامۆش کردووە و هەر وەک چەند لایەنێکی دەستوورەکەی ١٩٨٢ ئەوەمان نیشان دەدات.
لە زۆربەی ناوچەکانی وڵاتدا، نوێنەرانی رژێمی تورکیا لە قۆناغی جیاجیادا، جگە لەوەی کە بڕیاری قەدەغەیان دەردەکرد و لافیتەیان هەڵدەواسی، چەندین گروپەی تایبەتیشیان پێک دەهێنا بۆ قەدەغەکردنی وتووێژ بەهەر زمانێک کە تورکی نەبێت، هەر چەندە دەستووریش هەبوو، بەلاٌم بەم جۆرە مامەڵەیان دەکرد.
کەچی ئێستا ئەم جۆرە سیاسەتە لە چوارچێوەی دەستووردا بەڕێوە دەبردرێ، بەو شێوەیەی کە وەک سیستێم فۆرموڵە کراوە. هەروەک لە بەندی ٢٦ی دەستووردا هاتوە (هیچ کەسێک بۆی نییە و رێگەی پێ نادرێن لەکاتی بلاٌوکردنەوە و راگەیاندنی بۆچوونەکانیدا، سوود لەو زمانانە وەربگرێت کە یاسا قەدەغەی کردون). ئایا ئەمە چی دەگەێنێ (ئەو زمانانەی کە یاسا قەدەغەی کردون؟) لەکاتێکدا زمان- ئامرازی بە یەکتر تێگەیشتنی نێوان خەڵکە، بەبێ زمانیش نەمرۆڤ و نە کۆمەڵگا بوونیان نییە، لێرەدا مەبەستەکە ئاشکرایە کە باس لە چ زمانێکە- بە شێوەیەکی گشتی زمانی کوردییە.
کاتێک نوێنەری رۆشنبیرانی کورد بەر لە کۆدەتا سەربازیەکەی ساڵی ١٩٨٠. پێشنیارێکیان پێشکەش بە فەرمانداری پارێزگای ئەنقەرە کرد، بۆ ئەوەی رێگەیان پێ بدرێت رۆژنامەی - رۆژاوڵات- بە زمانی کوردی و تورکی دەربکەن... کەچی فەرمانبەرانی پارێزگا بە هەڕەشە لێکردنەوە رایانگەیاند: (بەهەر زمانێک بێت دەتوانن دەری بکەن، تەنیا بە زمانی کوردی نەبێت، سەرپێچی کردنیش سزای سەرپەراندنی بە دواوەیە.)(٧)
لە بەندی ٢٨ی دەستووری ١٩٨٢ دا گوتراوە (هەر زمانێک کە یاسا قەدەغەی کردووە، رێگەی پێ نادرێت بۆ چاپ و بلاٌوکراوە) ئەگەرچی لە دەستوورەکەی ساڵی ١٩٦١ ئەم شێوە بۆچوونە لە ئارادا نەبوە و لەگەڵ ئەوەشدا بلاٌوکراوە بە زمانی کوردی هەر قەدەغە بوو، کەچی بلاٌویش دەبۆوە، بەلاٌم ئێستا دەسەلاٌتدارانی تورکیا لە دژی ئەو نەتەوانەی کە تورک نین، هەوڵ دەدەن سیاسەتی شۆڤێنیانەیان وەک یاسا بەکار بهێنن.
دەستووری ١٩٨٢ سنوور بۆ ماڵ گواستنەوە و هاتوچۆکردن دادەنێ، دیارە ئەوەش رێگە خۆشکردنێکە بۆجێ بەجێکردنی راگوێزانی نوێ، هەروەک لە بەندی ٢٣ داهاتوە.
(نیشتەجێ بوونی بە ئارەزوو رادەی بۆ دادەنرێت، بەو مەبەستەی کە رێگە لە تاوانکاری بگیرێت، باری پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەلاٌیەتی دابین بکرێت، بۆ مسۆگەرکردنی باری گوزەران و ئاوەدان کردنەوەی شارەکان، و هەروەها پارێزگاری کردنی کەلوپەلەکانی دەوڵەت).
مەبەستی ئەو بەندە دەتوانرێ زۆر بە قوڵی لێک بدرێتەوە. چونکە ئاشکرایە کە لە ساڵانی ٢٠ و ٣٠یەکاندا چەندەها جار یاسا دارێژراوە بە مەبەستی بە کۆمەڵ راگواستنی کوردەکان لەسەر زەوی باو باپیرانیان بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و رۆژئاوای وڵات.
ئەگەر بە وردی و لە روانگەی پیلانی سیاسیەوە سەیری تەواوی بەندەکانی دەستووری نوێ بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە دانەرانی دەستوور گرنگیەکی زۆریان بە تێکۆشان لە دژی بزوتنەوەی کرێکاری و جولاٌنەوەی رزگاریخوازی نەتەوایەتی گەلی کورد داوە.
لێرەدا دەتوانین زۆر لە بەندەکانی دەستوور نیشان بدەین کە ئەو بۆچوونەمان دەسەلمێنێ (هەسرەتیان):-
بەندی ١٤:- هەموو ئەو مافە بنچینەیی و سەرەتاییانەی کە لە دەستووری نوێدا بەرچاو خراون، نابێت بە نیازی ئامانجێک بەکار بهێنرێت کە یەکێتی حکومەت و نەتەوە و وڵات لەت لەت بکات...... یاخود هەڕەشە لە بوونی کۆمار و دەوڵەتی تورکی بکات......
بەندی ٦٨:- پەیڕەوپرۆگرامی پارتە سیاسیەکان نابێت دژی یەکێتی حکومەت و وڵات و نەتەوە بن......
بەندی ١٢٢:- هەر چالاکیەکی توندڕەوانە، چ لەناوەوە یاخود لە دەرەوە ڕابێت و هەڕەشە لەسەر وڵات و نەتەوەدا درووست بکات، ئەوا ئەنجومەنی وەزیران بۆیان هەیە دەسەلاٌتی سەربازی (حوکمی عورفی) لە ویلایەتێک یا بە گشتی لە وڵاتدا رابگەێنن.
بەندی ١٤٣:- بۆ پارێزگاری کردنی ئاسایشی دەوڵەت، واپێشنیار دەکرێت کە دادگا پێکبهێنرێت بەو نیازەی لە هەموو ئەو کار و چالاکیانە بکۆڵێتەوە کە لە دژی ئەو یەکێتییە بە هێزەی وڵات و نەتەوەدا ئاڕاستە دەکرێت، یاخود دەیانەوێت باری ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بشێوێنن.
بەم جۆرە ئاشنابوون لەگەڵ چەند بەندێکی دەستوورەکەدا دەگەینە ئەو راستییەی کە دەستووری نوێ هەموو مافێکی ئەو نەتەوانەی کە سەر بە نەتەوەی تورک نین پێشێل کردوە. لە ئەنجامی شیکردنەوەی بەندەکانی دەستووری تورکی وا دەردەکەوێت کە دەسەلاٌتدارانی تورک جێ پێی خۆیان خۆشکردووە، بۆ ئەوەی بە جۆرێکی فراوانتر سیاسەتی تواندنەوەی کەمە نەتەوایەتیەکان پیادە بکەن. بێجگە لەوەش کە دەستووری نوێی تورکی هەنگاوێکە بەرەو دواوە بە گوێرەی بنچینەکانی ئەو یاسایانەی کە لە سەردەمی - جمهوریەکاندا- بەڕێوە دەبردرا، بۆیە لە ئەنجامی ئەو دەستوورە نوێیەدا ململانێی چینایەتی و نەتەوایەتی لە وڵاتدا زیاتر توند و تیژ دەبێت.

www.arsivakurd.org

جیابوونەوەخوازی و تێکشکاندنی جیاوازخوازییەکاندا بە توندی تێدەکۆشێ)(٢)

سیاسەتی کۆنەپەرستانەی سەرکردە سەربازیەکان ئەو کاتە پتەوتر بوو، لە ئاکامی هەڵبژاردنەکەی ٧ی نۆڤێمبەری ١٩٨٢دا بڕیاری لەسەر درا، بێگومان ئەم هەڵبژاردنەش لەژێر سایەی چەکمەی سەربازدا بەڕێوەچوو، بە گوێرەی بڵاوکراوە ڕەسمییەکانی دەوڵەت وادەگەیێنێ کە لە ٨٨٫٥٪ی دانیشتوان بەشداری هەڵبژاردنیان کردووە، لە ٩١٪یش دەنگیان بۆ دەستووری نوێ داوە. ڕژێم وای بڵاوکردووە کە هەر کەسێک بەشداری دەنگدان نەکات، ئەوا بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە مافی دەنگداندا بێ بەری دەکرێت. سەرەڕای ئەمە لە کوردستانی تورکیادا وادەنگ بڵاوبوبوەوە کە هەر کەسێک بە (دژ) دەنگ بۆ دەستوور بدات، ئەوا بە توندترین شێوە سزا دەدرێت. ئیدی لە ژێر سایەی ئەو بارە دژوار و تیرۆرەی لە وڵاتدا هەبوو ئەو جۆرە هەڕەشانە ڕۆڵی خۆیان گێڕا.

دەسەڵاتدارانی سەربازی لەناوچە کشتوکاڵیەکاندا بە گشتی و لە ناوچە کوردنشینەکاندا بە تایبەتی پیاوانی ڕیش سپیان بانگ دەکرد و هەڕەشەیان لێدەکردن، ئەگەر بێت و دەنگ نەدەن یاخود (دژ) بن ئەوا پێشبینی سزادانێکی سەختیان بۆ دەکرێت. لەکاتی هەڵبژاردنەکەشدا سەرباز و ژاندارم بەسەر خەڵکەوە بوون (بەسەر سندوقی هەڵبژاردنەوە بوون) ئەوجا بە ڕاستی ئازایەتییەکی بێ وێنەی گەرەک بوو، بۆ کەسێک نەچێت بۆ دەنگدان یاخود (دژ) دەنگ بدات.

ئەگەر چی ڕژێم ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەی لە بەرژەوەندی خۆیدا ڕاگەیاند، بەڵام زۆر دوور بوو لە بارە واقیعیەکەیەوە، بۆ نموونە تەنیا لە ٩ ویلایەتی تورکیادا، کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی کوردن، ڕێژەی ئەوانەی کە دەنگیان نەدابوو یاخود بە (دژ) دەنگیان دابوو دوو هێندە زیاتر بوو لە ڕێژەی هەموو ناوچەکانی تری وڵات.

| ویلایەت | دەنگی دژ | بایکوت (رەفز) |
|---|---|---|
| بینگۆیل | ٢٣ | ١٠ |
| بیتلیس | ١٣ | ٩ |
| دیاربەکر | ٢٠ | ١٣ |
| ئیلازغ | ١٥ | ١١ |
| هەکاری | ١٨ | ٣٠ |
| ماردین | ١٣ | ١٢ |
| موش | ١٥ | ١٨ |
| سیرت | ١٢ | ١٩ |
| تونجلی | ١٨ | ٢١ |

بەرچاوخستنی ئەو ژمارانەی سەرەوە ئەو ڕاستییە نیشان دەدەن کە سەرباری زۆر بۆهێنان و تیرۆر، کەچی لە کوردستانی تورکیادا دەسەلاتدارانی سەربازی ڕووبەڕووی لەرهەڵستکاریەکی توند بوونەوە. بۆ نموونە دانیشتوانی شارۆچکەیەکی ویلایەتی ماردین، بەگشتی کەسیان نەچوون بۆ دەنگدان و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و پڕوپاگەندەی تورکیاش ڕەشیان بە سپی نیشان دەدا و ڕۆژێک دوای هەڵبژاردنەکە ڕاگەیەندرا کە (سەرباری سەرما و سۆڵ و بەفرێکی زۆر لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا، کەچی ملیۆنەها لە هاونیشتمانانمان بەرەو سندوقی هەڵبژاردن کەوتبوونە ڕێ)(٣). بە گوێرەی ئەوانەی کە بە چاوی خۆیان بینیویانە کە چۆن دەسەڵاتدارانی سەربازی هەر دوای هەڵبژاردنەکە، دەستیان کرد بە لێپرسینەوە لەو کەسانەی سەرپێچیان لە هەڵبژاردن کردبوو، بۆ نموونە لە ماردین ١٠ کەس لەپیاوماقوڵان و چەندین جووتیار بەر شاڵاوی گرتن کەوتن، زیندانی کردن نەک هەر لە ماردین بەڵکو لە ویلایەتەکانی بینگۆل و مووش و سیرت و دیاربەکریش ئەنجام درا (٤).

دەستووری نوێی کۆماری تورکیا هەر وەکو هی پێشوو خواستەکانی گەلی کورد وەلاوە دەنێ و دان نانێ بە مافی نەتەوایەتیاندا زیاتر لەوەش دەسەڵاتدارانی تورکیا سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوایەتی پیادە دەکەن لە دژی ئەو کەمەنەتەوایەتیانەی لە تورکیادا دەژین. بۆ نموونە دەستووری ١٩٨٢ دان بە یەکسانی هەموو هاونیشتمانان دەنێ لە بەرامبەر یاسادا. کەچی لە پێشەکی دەستوورەکەدا هاتووە (هەر هاونیشتمانیەکی تورک) نەک (هاونیشتمانانی تورکیا) مافی هەیە ژیانێکی لەبار لە ڕووی کولتووری نەتەوایەتی و گەشەکردن و دابینکردنی مافەکانییەوە هەیە، بەو شێوەیەی لە ڕووی مەتریاڵ و گەشەی دەروونیەوە ژیانی خۆی مسۆگەر بکات لە بەندی دەهەمی دەستووردا ووتراوە... هەموو هاونیشتمانان بەبێ ڕەچاوکردنی زمان و ڕەگەز و شێوە و بیر و باوەڕی سیاسی و بۆچوونی فەلسەفی و ئایین و باوەڕیان... هتد بەپێی یاسا یەکسانن.

بەڵام لە سەیرکردنی بەندەکانی تری دەستووردا وا دەردەکەوێت کە ئەو یەکسانییە تەنانەت بە ڕواڵەتیش لە ئارادا نییە چونکە دەستوورەکە لەسەر بنچینەی بیری ناسیۆنالیزمی نەتەوەپەرستی بۆرژوای تورکی دارێژراوە، بە تایبەتی کە لە پێشەکیەکەیدا دەڵێ: (بێ لێ دوان و لێکۆڵینەوە مەزنایەتی (سیادە) بۆ نەتەوەی تورک دەگەرێتەوە). ئەم حاڵەتانە لە چەندین بەندی تریشدا بەرچاو دەکەون:-

«توانای یاسادانان بە ناوی نەتەوەی تورک تەنیا لە دەسەڵاتی چڤاتی نەتەوایەتی مەزنی تورکیادایە (پەرلەمان)» (بەندی ٧). «دادگا سەربەخۆکان بە ناوی نەتەوەی تورکەوە بڕیارە دەدەن» (بەندی ٩) «هەموو تورکێک مافی ئەوەی هەیە کە ببێتە فەرمانبەری دەوڵەت» (بەندی ٧٠) «هەموو تورکێک کە تەمەنی گەیشتە ٣٠ ساڵ دەتوانێ ببێتە نوێنەر» (بەندی ٧٦).

بە کورتی بە گوێرەی دەستووری تورکیا وا دەردەکەوێت کە تەنیا تورک لە تورکیادا دەژین، سەرباری ئەوەش هەوڵ دراوە هەموو نەتەوەکانی تر بە تورک ناونووس بکرێت، لە کاتێکدا نزیکەی ٣٠ نەتەوەی جیاواز کە ژمارەیان لە ١٠ ملیۆن زیاترە لە تورکیادا دەژین و سەربە نەتەوەی تورکیش نین و هیچ حسابێکیشیان بۆ نەکراوە.

لە بەندی ٦٦دا گوتراوە کە (هەر کەسێک هاونیشتمانی تورکیا ببێت- تورکە).

هەروەها لە بەندی ٤٢ لە دەستووری نوێی تورکیادا گوتراوە کە (هیچ زمانێک بێجگە لە زمانی تورکی ڕێگە نادرێت لە قوتابخانەکاندا پێی بخوێندرێ و دەرسی پێ بگوترێتەوە بەو مانایەی کە وەک زمانی زگماکی ببێت) واتە منداڵانی کەمە نەتەوایەتیەکان نەدەتوانن و نە ئەو مافەشیان هەیە کە بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن. هەر لە بەندی ٤٢شدا ئەو ڕاستییە دیاری کراوە کە (پەیمانی

www.arsivakurd.org

# دەستووری نوێی تورکیا و کێشەی کورد

نووسینی: هەسرەتیان
وەرگێڕانی لە روسییەوە: غازی ئیبراهیم یەعقوب

گیروگرفتی نەتەوایەتی کوردەکان لە تورکیادا کێشەیەکی زەق و ئاشکرایە، ناوەرۆکەکەشی لەوەدا خۆی دەنوێنێ، کە ناوچە کوردنشینەکان لە رووی ئابووریەوە دواکەوتوون و ژیانی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لەسەرخۆ گەشە دەکات، سەرباری ئەوەی کە هیچ مافێکی سیاسییان نییە و لە سادەترین مافی نەتەوایەتیش بێبەشن.
کێشەی کورد لە گەشەکردنی باری کۆمەڵایەتی تورکیادا شوێنێکی دیار و گرنگی هەیە، لە کاتێکدا ناوەرۆکی ئەم کێشەیە لەسەر گەشەی ئابووری و سیاسی و هەروەها کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیشدا کاریگەرە.
لەهەموو ئەو قۆناغەدا کە- جمهوریەکان- تورکیایان بەرێوە دەبرد، دەسەڵاتدارانی ئەو کاتە، هیچ پێویستییەکیان دابین نەکرد، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی عادیلانە کێشەی کورد چارەسەر بکەن، جگە لەوە لە هەموو ئەو ماوەیەدا سیاسەتێکی ئەوپەری کۆنەپەرستانەیان دژی کوردەکان بەکار دەهێنا، ئەم جۆرە سیاسەتەش لەساڵانی ۲۰-۳۰دا بووە هۆی تەقینەوەی چەندین راپەڕین، دواتر بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، پاش جەنگی جیهانی دووهەم زیاتر بەهێز بوو، تایبەتی پاش کۆدەتاکەی ۲۷ی ئایاری ۱۹٦۰، کە لە ئەنجامدا باری سیاسی لەو وڵاتدا بوژایەوە و هێزە پێشکەوتووخوازەکان کەوتنە جموجۆڵ و شێوە تێکۆشانێکی نوێ لەلایەن پرۆلیتاریای تورکیتوە لەپێناو بەرژەوەندییە چینایەتیەکەیدا هاتەکتیەوە.
دەکرێ بگوترێ کەوا فراوانترین قەوارەی جوڵانەوەی نەتەوایەتی دیموکراتی لە کوردستانی تورکیادا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای ۱۹۸۰دا، لەم قۆناغەدا چەند رێکخراوەیەکی سیاسی کوردی لە وڵاتدا دەستیان بە چالاکی کرد وەکو:
(پارتی کرێکاری کوردستان)، (پارتی کرێکارانی کوردستان- ئاپۆچی)، (پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا)، (بزوتنەوەی رزگاری کوردستان «کوک»)، (ئاڵای رزگاری)، (تێکۆشین)، (کاوە) ...... هتد. ئەم رێکخراوانە چەندین رۆژنامە و گۆڤاریان بە زمانی تورکی و کوردی بڵاودەکردەوە: (رۆژاوڵات)، (رێگای ئازادی) (رزگاری)، (ژینانو)، (لاوانی دیمکراتی شۆرشگێر)، (ئازادی)، (تێکۆشین) و چەندی دیکە.
لەم بڵاوکراوانەدا بە چەندین جۆر، کێشەی گەلی کوردیان لەچوارچێوەی یاسایی لە تورکیادا دەخستە بەرچاو و رەخنەیان لە سیاسەتی رەسمی رژێم و پارتە بورژوازیەکان دەگرت بەرامبەر ئەو هەڵوێست و تێڕوانینانەی لە بەرامبەر گەلی کورددا دەیانواند، سەرباری ئەمانە داخوازیە نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی گەلی کوردیان بەرچاو دەخست. هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا چەند رێکخراوێکی کوردی (کوک، پارتی کرێکارانی کوردستان- PKK- ... هتد) چەند دەستەیەکی چەکداریان بە نهێنی پێکهێنا بۆ بەرەنگابوونەوەی رژێمی تورکیا و ئەو ئاغا و شێخە کوردانەی کە زۆر دڕندانە زەحمەتکێشانی کوردیان دەچەوساندەوە.
لە سەرەتای ساڵی هەشتادا لە نێوان چەند رێکخراوەیەکی هێزە سیاسیەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورددا. لێک نزیک بوونەوە دروست بوو، سەرباری ئەوەی کە هەڵوێست و بۆچوونی ئەو هێزە سیاسیانە بە گشتی لێکجیاواز بوو. هەروەها لە نێوان رێکخراوە نەتەوەییە دیموکراتییەکانی کورد و هێزەکانی چەپی تورکیدا پێوەندی سیاسی بەرچاو دەکەوت، کە ئامانجێکی هاوبەش و تێکۆشانی هەمەلایەنە لە پێناو مافی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی جەماوەری زەحمەتکێشانی وڵات کۆی دەکەنەوە.
هەموو ئەمانە بوونە هاندەرێک لە بە ئاگاهاتنەوە و بێ ئارامی و دڵەڕاوکەی دەسەلاتدارانی تورکیا، بۆیە سیاسەتی شۆڤێنییانەی دەسەتدارانی تورکیا زۆر پەرەی سەند بە تایبەتی لە دوای کۆدەتا سەربازییەکەی ساڵی ۱۹۸۰دا، سەرکردە سەربازییەکان بە ئاشکرا رایاندەگەیاند، کە بە هیچ شێوەیەک دان بە مافی نەتەوایەتی کورددا نانێن.
لە ۱۹ی ئۆکتۆبەری ۱۹۸۱ کەنعان ئێڤرین سەرۆک دەوڵەت لە وتووێژێکدا لەگەڵ گۆڤاری - شپیگل- رایگەیاند:
(کوردەکان چەندین جار لەم سەردەمانەدا و هەروەها لە سەردەمی ئەتاتورک و ئیمپراتورییەتی عوسمانیشدا راپەڕیون، ئەوان لە بەرامبەر ئێمەدا پیلانێکی دڕندانەیان هەیە، لەو کاتەی کۆماری تورکیا لاواز دەبێ، ئەوسا کوردەکان رادەپەڕن، بە هاندانی هێزی بێگانە، دەیانەوێ تورکیا لەت لەت بکەن) پاشتر دەڵێ: (کوردەکان هەن، بەڵام ئێمە رێگایان پێ نادەین و وڵات لەت لەت بکەن، ئەوان ناتوانن هیچ لە ئێمە وەربگرن، ئێمە کارێک دەکەین کە ئەم کێشەیە لە رەگەوە هەڵکێشین)(۱).
لە سەردەمی خۆشیدا بولند ئەجەویدی سەرەک وەزیرانی پێشوو رایگەیاندبوو: (سوپای ئێمە بە هەموو هێز و توانایەکییەوە لە دژی



www.arsivakurd.org

## لەم ژمارەیەدا

### کرمانجی خواروو

دەستووری نوێی تورکیا و کێشەی کورد.................. هەسرەتیان
ناپاکە جوانەکە .............................. حەمەسەعید حەسەن
دوو شیعر ........................................ خەبات عارف
گوڵاڵەی بەفر ................................... شێرکۆ بێکەس
بوونەوەراتی سپڵە ................................ سیامەند
بیابان ..........................................فەرهاد پیرباڵ

### کرمانجی ژووروو

جەندرمەی تورک جارێکی دیکە کوردستانی باشووری داگیر کرد
پۆلیس گوللە باراند ................................ خورتۆ
بەربانگا ٩ سالی ................................................
لە دژ گۆرباچۆف «بە هەنەکی» دەریەیەکێ چێ بوو .................
دەهەلبژاردنا گشتیا سوێدێ دا.............................. ف. تانریکلو
لە سوێدێ رۆژا ١٥ ێ ئیلۆنێ رۆژا هەلبژارتنا گشتییا......................
دێ هێزن چالاک کێ بپارێزن ............................. م خاریێتی
موزیکا خەلکێ و سترانا مە ............................ لوران جەنگین
دژ و ئیرۆ مەجەرستان ............................... ئەحمەد تگریس
مامۆستاتیا کوردی بوویە سەیرانگها کێفێ ............................ ز. کەیا
ئەرشیف ........................................... ئەحمەد تگریس
چیرۆکا ئەلفابا کوردی .............................. ئەحمەد تگریس
هێڤی نامرە .................................. شاهینێ ب. سۆرە کلی

**ئاگاداری**

ئاونیشانی سەردانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد.

S:t Eriksgatan 33B, T. Fridhemsplan
Tel. 08- 652 85 85
fax: 08- 650 21 20

# بەربانگ

ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد

بەرپرسیار: ن. کریف
دەستەی نووسەران
ج. حەیدەری
خەبات عارف
ئا. تگریس
ل. جەنگین
پ. خۆرتۆ
سیامەند شێخ ئاغایی
دیلان دەرسیم

ئابونەی ساڵانە: ١٠٠ کرۆنی سوێدییە
بۆ دەزگاکان ٢٠٠کرۆنی سوێدییە

دەستەی نووسەران بەرپرسیار نیە لە نووسین و وتارەکانی فیدراسیۆن و لەو نووسینانەی بە ئیمزای خاوەنەکانیان بڵاودەکرێنەوە.

**ئاونیشان:**
BERBANG
Box 490 90
100 28 STOCKHOLM

**تەلەفۆن:**
08- 652 85 85

**پۆستگیرۆ:**
64 38 80-8

**ژمارە ٧٤ ساڵی (١٠) ١٩٩١**

☐ فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد، لە ٦-٦-١٩٨١ دامەزراوە.
☐ گۆڤاری بەربانگ ژمارەی یەکەمی لە ١٩٨٢/٧دا، بڵاوکراوەتەوە.

# بەربانگ

ژمارە ٧٤ گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوید ساڵ «١٠»



www.arsivakurdi.org